kurdishebook.com
@KURDISHeBook

بـەناوی بـێ کـەس کەسـی هـەژاران
ئاویـەری کێڵگـە و بـوورە و بـەیاران
پشکۆ

خوناوکەی بەهەشت

(شیعر)

هۆنراوەی:
پشکۆ یاسینی

evinebook.blogfa.com

سرشناسه	: یاسینی، پشکو، ۱۳۶۰ ـ
عنوان نام	: خوناوکەی بەهەشت، شعر، پشکو یاسینی،
مشخصات نشر	: نارین - بوکان
مشخصات ظاهری	: ۱۴۱ص
شابک	: ۹۷۸-۶۰۰-۹۲۵۶۰-۸-۲
فهرست‌نویسی	: فیپا
موضوع	: شعر کَردی ـ قرن ۱۴
ردەبندی کنگره	: ۱۳۹۲ ۲ی۷۴۳س/PIRE۳۲۵۶
ردەبندی دیویی	: ۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی	: ۳۳۷۸۹۴۱

NARIN
تاسیس ۱۳۸۹

نشانی: بوکان – خیابان انقلاب – پاساژ شهرداری – طبقه همکف
تلفن: ۶۲۲۲۰۱۹ – ۰۴۸۲ دورنگار: ۶۲۲۸۲۸۰ – ۰۴۸۲
کد پستی: ۴۸۵۶۵ – ۵۹۵۱۸
همراه: ۰۹۱۴ ۳۸۲ ۲۴۲۱ پست الکترونیک: nashrenarin@gmail.com

ناوی کتێب : خوناوکەی بەهەشت

هۆنراوەی : پشکۆ یاسینی

ڕووبەرگ : کاوە شێخی

پیتچن و پەڕازێن : ئومید موقەددەس (سەقز)

دەزگای چاپ : چاپخانەی ئەندیشەی بۆکان

تیراژ : ۱۰۰۰ دانە

نۆرەی چاپ : دووەم ـ ١٣٩٦ی هەتاوی

نرخ : ۱۰ هەزار تمەن

ناوەندی بڵاوکردنەوە : نارین ـ بۆکان

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوەبۆ نووسەر

پێرست

پێشەکی ١١
پێشەکی کاک ئەمین گەردیگلانی ١٤
خوێندنەوەیەکی شیعرەکانی ئەحمەد یاسینی ١٧
موناجات ٢٢
تینوویەتی........................ ٢٣
پێنوس ٢٥
مێعراج ٢٦
سوورەی بزە........................ ٢٧
سێ میسرەعی........................ ٢٨
چرۆی پەیڤ ٢٩
خورپەیەک........................ ٣١
ئاڵای زوڵف........................ ٣٢
آمیزه شدن........................ ٣٣
سەدەی باتۆم ٣٤
بارستی کۆچ ٣٥
بزەی چاو! ٣٦
تریفەی هەست ٣٧
بەڵێن........................ ٣٨
غەزەیکی دوو قۆڵی ٤١

برۆوا ٤٣
بۆ بەحری ئەدەبیات ... ئاسۆ.................. ٤٥
وڵامی پشکۆ لە لایەن ئاسۆوە ٤٦
بۆران ٤٨
پاییز ٤٩
پۆیلانە.. ٥١
تاوێری حەز ٥٢
تۆرەمەی بەشەڕ!!............................. ٥٣
مەڕۆ.. ٥٤
لان و ژان...................................... ٥٥
تەشقی ئاوات ٥٦
خانۆکی ئەوین ٥٧
خوناوکەی بەهەشت............................ ٥٩
زایەڵەی شێعر.................................. ٦١
ژانی گەل....................................... ٦٢
ژن... ٦٣
بێهۆ.. ٦٤
سووتووی شێعر ٦٥
سەنگەری دڵ................................... ٦٦
شایلۆخانی بابلیسک ٦٧
شەپۆلی خنکاو.................................. ٦٨
شەمی ئەشقیا................................... ٦٩
شەوە ژان....................................... ٧٠

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

غەزەلێکی چوارقۆڵی ٧١
قاقرستانی جوامێری ٧٥
کاکێشانی هیوا و حەز ٧٦
کزەی کۆچ ٧٧
کەلەبچە! ٧٨
تۆمی وشە ٧٩
شیعر ٨٠
فریشتەی ڕێژنە ٨١
هەناسەی دابەش ٨٢
دوو بەیتی ٨٣
کیژی ئەهورایی ٨٤
چەتری ئەوین ٨٦
گوڵی هەرەس ٨٨
گۆڕستانی ئاوات ٨٩
لامەکان ٩١
(....) ٩٢
نرکەی ڕزگاری ٩٤
وان ٩٥
وڕێنە ٩٧
یادی هێمن ١٠٠
تیشکی ئەوین ١٠١
داکە باران! ١٠٢
شەپۆلی تاقگە ١٠٣

evinebook.blogfa.com

خوناوکەی ئەوین.. ١٠٤
گوڵوکی حەز ١٠٥
ئاگر و گوڵ ١٠٧
چرۆستان ١٠٩
پۆیلانە... ١١٥
هەناسە... ١١٩
خەمی نان ١٢٠
هەڵەبجە ١٢١
بناری حەز ١٢٢
فەرهەنگۆک... ١٢٥

ئەوین ڕۆحە

لە هەر لەشێکدا نەبێت،

بۆگەنیوە!

«پشکۆ»

پێشکەشە بە هەموو دڵانی نەسرەوتوو...

عشق، روح است

در هر جسمی نباشد

گندیده است ...

(پشکۆ)

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

هێژاترین سپاس و ڕێز

بۆ دڵی گەورەو دلۆڤانی

کاک **«ئەمین گەردیگلانی»**

مامۆستا و هاوڕێی بەڕێزم

کە پەنجێرەی پڕ شنەی

گوڵ و ڕێحانی بە ڕوودا کردمەوە.

evinebook.blogfa.com

پێشەکی

منیش لە خۆتانم!

منیش! ئەرێ لە خۆتانم
پڕ لە خولیا و حەز و ژانم

دابڕان و سوێری و تاڵی
هەڵوەرینی ڕەز بە کاڵی

خەمی نان و جل و بەرگ
بە دڵ پێی چەشتووم مەرگ

شێعرەکانم سۆز و گڕن
هەنسکی نێو دڵی پڕن

نازی بووکێکی بێ نازن
شەوی پەردەی کیژی شازن

شەپۆلی سەر سینە و مەمن
کوڵی دڵی زین و مەمن!

ئامێزی ئاوەڵای دایکن
فرمێسکی هەتیو بۆ باوکن

کوڵۆتی دەستی جوتیارن
هەرای نێو شەقامی شارن

کفنی شەهیدێکی ونن
دنەی هەست و باڵی منن

سپاسی دەرد و خەم دەکەم
بوونە رەوڕەوەی پەنجەکەم

پیت بە پیت و وشە وشەم
دەتوێنەوە هەر وەکوو شەم

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

بـــۆ ئەوانـــەی بوونـــە داڵـــدەم
هێـــز و ورەم بـــوون هـــەردەم

بـــۆ رەخنـــەگر و تـــوێژەران
چەپڵـــە لێـــدەر و نـــەدەران!

دایـــکو بـــاوکی زەحمەتکێشـــم
هاوســـەر و هۆنیـــا و دێشـــم

بـــۆ مامۆســـتای هێـــژام ئـــەمین
بـــۆ هـــەرچی رازدارە و ئـــەمین

وەک شـــۆڕەبی دەبـــەم کڕنـــوش
بـــۆ خـــاکم و ئێـــوە و ئـــەتۆش...

پشکۆ

evinebook.blogfa.com

پێشەکی کاک ئەمین گەردیگلانی

زمـانی کـوردی زمـانێکی دەوڵەمەنـدە و خـاوەنی پێشـینەیەکی پرشنگدارە، هەروەها ئەدەب و فەرهەنگەکەشی زۆر خەنی و کەم وێنەیە و بۆ ئەوە دەبێ شانازی پێوە بکەین. ئەگەر بە وردی بیر لە زمانی کوردی و شاعێرانی بکەینەوە بە ڕاستی ناتوانین سەر تا پا هەسـت بـە شـادی نەکـەین و ئـەو هـەموو دەوڵەمەنـدی و دنیـا بەرینـەی شـێعری شـاعێران تووشـی سـەر سوڕمانمان نـەکات. دنیایـەک کـە هەسـتیاری وەک نـاڵی و مـەحوی و... تێدایـە و دەتوانم راشکاوانە بڵێم لە دنیادا هیچ شاعێرێک بـە رادەی نـاڵی بیرمەند و خاوەنی هەسـت و بیرێکـی فـرە رەهەنـد نییـە و هـیچ شاعێرێک نەیتوانیوە تا ئەو رادەیە فرە مانایی لە شـێعریدا رەنـگ بداتەوە. شێعر لە لای ئێمەی کورد زۆر پیرۆزە و بـڕوا ناکـەم هـیچ نەتەوەیەک تا ئەو رادەیە شێعری لە لا خۆشەویست و پیرۆز بـێ و رێـز بـۆ شـاعێرەکانی دابنـێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە هـیچ دەسـەڵاتێکی فەرهـەنگی و سیاسـی و ئابووریـان نـەبووە کـە بتوانن بیکەنە داڵدە و پشتیوانی شـاعێرەکانیان، بـەڵام لـە دڵ و ناخیاندا پاراستوویانە و وەک پەیام و دەقێکی پیرۆز لە سینگیاندا

هەڵیانگرتووە. بەم بەراییەوە بەرەو پیری قەڵـەمی لاوێـک دەچـم کە جوانی و ناسکی و دەروەسـتی بـە هەسـت و شـێعرەکانییەوە دیارە و پێم وایە ئەگەر زیاتر هەوڵ بدات و چڕ و پڕتر بیـر بکاتـەوە بخوێنێتەوە داهاتوویەکی پرشنگداری بۆ چاوەڕوان دەکرێ.

کـە کـۆچ و خـوێن بڕسـتیان لـێ بڕیـوم
بــە بــرژانگم خــەمی دووریــت دەبێــژم
ئــەمن خــاراوی نێــو پشــکۆ و بڵێســەم
کــزەی کۆچــت لــە تــۆی دڵـدا دەنێــژم

به خوێندنەوەی ئەو شابەیتە ناسک و جوانانەی نێو غەزەلـەکانی چێژێکـی هونـەری نـاخی پیـاو دادەگـرێ و نـاتوانی لـە دڵـەوە ئافەرینی پێ نەڵێی.

شانە هەنگوینی خەیاڵم هەر بە تۆ پڕ بۆتەوە
گوڵچنی چینی هەژارم، گوڵ مەهێڵن داوەرن

ئەم بەیتە لەگەڵ ئەوەی هەسـتێکی جـوان و ناسـکی تێدایـە لـە باری لادان لـە فـۆرمی زمـانیش هونـەری تێـدا بـەدی دەکـرێ و هەڵوەستەیەک بە خوێنەر دەکـا. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە بـە جێـی ئــەوەی بڵــێ «مــەهێڵن گــوڵ داوەرن» دەڵــێ «گــوڵ مــەهێڵن داوەرن». دەتــوانین دوو مانــا لــە کــەرتی دووهــەمی بەیتەکــە هەڵکرێنین «گوڵچنی چینی هەژارم» یانی من گـوڵچنی چینـی هەژارم و مەهێڵن گوڵاڵەکان هەڵوەرن چونکە من هەنگم و شـانە هەنگوینی خەیاڵم بـۆ پـڕ کردنـەوەی گـوڵی پێویسـتە. یـان ئـەی

هـەزارەکان ئێـوە ئاگـاداری لـە گوڵـەکان بکـەن بـا هەڵنـەوەرن. چونکە من بێ گوڵ ناژیم. یان ئەم بەیتە ناسکەی کە دەڵێ:

سەری بەرزم چلۆن شۆڕبێت کەوا شۆڕن کەزی شێعرت
تـەوژمی نـوێی خـەیاڵاتت دەڵـێن ئـاو و گـڕ و بـا بـم

هیوادارم کاک ئەحمەد سەرکەوتوو بێ و هەستی هەروا تەڕ و بڕ و گەشاوە بێ و هەمیشە خۆی بە ڕێبواری ڕێگـای ئـەدەب بزانـێ و قـەت پێـی وا نـەبێ گەیشـتۆتە هـەوار. نموونەیـەک لـە تـازەترین شێعری دێنمەوە کە پێم وایـە بەڕاسـتی شـێعرە و کـاک ئەحمـەد خەریکە ڕێگای خۆی دەبینێتەوە و پەری شێعر دەستەمۆ دەکا.

لـــەبۆ وەرزی کـــڕاڵ و قـــاقڕی خـــۆم
دەبـــێ بێـــژم هـــەلاران و مـــەلاران
تـــەمـــەن وا بـــوو کـــە بارانـــەی دەوێ لـــێم
بـــە دڵ تینـــووم وەکـــوو بـــوورەو بـــەیاران
وەکـــوو پشـــکۆ لـــە ســـەر چـــاوگی هـــەڵووژان
دەنـــاڵێنم بەنـــەی شـــێعرم لـــە ئـــاران

هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم و بەردەوام بوون لەو ڕێگا پڕ لە ڕەمز و ڕازەدا.

ئەمین گەردیگلانی
بۆکان ١٣٩٠/٨/٣٠

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

خوێندنەوەیەکی شیعرەکانی ئەحمەد یاسینی

نازانم ڕێکەوتبێ کە شیعرێک یا نووسراوەیەک بخوێننەوە و یەکسەر سەرنجتان بەرەو لای خۆ ڕاکێشێت و چێژی خوێندنەوەکە ئەوە بخاتە بیر و زەینتانەوە کە ئاخۆ ئەم نووسراوەیە هی نووسەرێکی زۆر بەناو بانگ یا شاعیرێکی گەورە بێت. بەڵام کاتێ بەدووی خاوەن قەڵەمەکەدا دەچی، تێدەگەیی کە کەسایەتێکی بەناو بانگ و ناودار نییە، زۆر داخ و خەم و کەسەر ڕووت تێدەکا کە بۆ چی قەڵەمێکی ئاوا، نەناسراوە و خەڵکیش لە خوێندنەوەی نووسراوەکانی بێ بەش بوون. دەتوانم بڵێم کاک «ئەحمەد یاسینی»ش یەکێ لەو شاعیرە توانا و لێهاتووانەیە کە بە داخەوە تا ئێستا خەڵکی لای ئێمە بەکەمی ناسیویانە و لە شیعر و بەرهەمەکانی کەڵکی وەرگرتووە.

ئەحمەدی یاسینی لەو شاعیرانەیە کەوا بە ئاگاداری لە کەلتووری ڕابردووی گەلەکەی و شارەزایی لە کەلتووری نوێ و مۆدێرن، دەستی داوەتە هۆنینەوەی شێعر. بۆیە هەندێ شیعرەکانی بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ شیعری کلاسیک دا نێوانیان هەیە، تەڕ و هەست بزوێنە و بۆ ئەوکەسانە کەوا

evinebook.blogfa.com

لایەنگری شیعری «نویێ»ن، شتی تازەی پێیە.

بەلای منەوە شیعری ئەحمەدی یاسینی زۆر خاڵی بەهێز و توانای تێدایە کە لەخوارەوە تەنیا ئاماژە بە چەن خاڵێک دەکرێت:

١ـ لەسەرەتای دیوانەکەوە، شاعیر، پەیام و مەبەستی خۆی لە هۆنینەوەی شیعرەکانی بە زمانی شیعر، نەک نەزم، بەیان کردووە کە ئەمە توانایی و بەهێزی ئەومان بۆ دەر دەخات. هەر نووسەرێک لە پێشەکی و سەرەتای کتێبەکەیدا مەبەستی خۆی لە نووسین یا هۆنینی بەرهەمەکەی بەیان دەکا، و ڕوانگە و مەبەستی خۆی دەر دەبڕێت. بەڵام بەداخەوە زۆربەی شاعیران بە زمانی نەسر ئەم مەبەستە دەردەبڕن، بەڵام ئەحمەد یاسینی لەزبانی شێعر کەڵکی وەرگرتووە.

٢ـ شاعیر، دوای پێشەکی، بەشێوازی شاعیرانی کلاسیک، سەرەتای شیعرەکانی بە «تەحمیدیە»یەوە دەست پێکردووە. تەحمیدیە، موناجات و پاڕانەوەیە لە دەرگای یەزدانی گەورە و شێعرگوتن بە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و سەحابەکان و ... هتد. ئەم شێوازە بەلای شاعیرانی کۆنەوە، چ لە فارس و چ لە عەرەب باو بووە و شاعیرانی کوردیش هەر بەم شێوازە سەرەتای دیوانەکەی خۆیان دەسپێکردووە. بۆ نموونە: حەزرەتی نالی لە سەرەتای دیوانەکەیدا دەڵێ: «ئەی جیلوەدەری حوسن و جلوەکێشی تەماشا/ سەررشتەی دین بێ مەدەدی تۆ نییە

حاشا». دیارە شاعیرەکەی ئێمەش ویستوویەتی شوێنکەوتووی شاعیرانی پێش خۆی بێت و سەرەتای دیوانەکەی بەم ڕاز و نیاز و پاڕانەوە دەس پێبکات. شاعیرانی هاوچەرخ ـ شاعیرانی دەورەی مۆدێڕن و تەنانەت پۆست مۆدێڕن ـ تەحمیدیەیان لە شیعر و دیوانەکانی خۆیاندا لابردووە، بەڵام ئەحمەد یاسینی کە خۆی بە قوتابی مەکتەبی شاعیرانی کلاسیکی کورد دەزانێ، ئەم شێوەی بەجوانی ڕاگرتووە. جێی سەرنجە ئاماژە بەوەش بکرێ کە تەحمیدیەی شاعیر، پڕ لە تەلمیح و ئیشارە بۆ داستانە ئایینەکان، وەک: «هاتنی مار و گەستنی پای ئەبووبەکری سددیق، بەسەرهاتی یووسف پێغەمبەر (د.خ)، چیرۆکی شەققولقەمەر و ... کە ئەمەش شارەزایی شاعیر بەسەر چیرۆکە ئایینەکاندا دەگەیێنێ.

٣ـ دوای خوێندنەوەی شیعرە کلاسیکەکان، زوو تێدەگەی کە شاعیر، کەڵکی زۆری لە خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمن وەرگرتووە، بەجۆرێک کەوا دەتوانرێ بگوترێ هیچ کات هێمن بەلای پشکۆوە نەمردووە و نامرێ. بۆیە لە شێعرەکانیدا بەپیرەی مامۆستا هێمنەوە دەچێ و یادی لێ ئەکا، بۆ نموونە بڕواننە شیعری «یادی هێمن» و «وڕینە» لەم دیوانەدا.

٤ـ دەتوانرێ بگوترێ کە ئەحمەد یاسینی لەبواری فیکری و بیر و بۆچوونیەوە دەچێتە ڕیزی شاعیرانی ڕئالیستییەوە. گیر و گرفتەکانی سەردەم لە شیعری شاعیرانی ڕئالیستیدا

ڕەنگدانەوەی هەیە. کێشەی زێد و نیشتمان، ئابووری، بوون و .... لە گەورەترین کێشە فیکریەکانی ئەحمەدی یاسینییە کە لە شیعرەکانیدا بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە و وا دەزانم ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە ئەحمەدی یاسینی ببێتە شاعیرێکی نیشتمان پەروەر کە دەرد و ئێش و برینەکانی گەلەکەی بە سیمای شیعرەکانیەوە دیارە.

٥ـ دیوانی «خوناوکەی بەهەشت» تەنیا شیعری شاعیرەکەی ئێمەی تێدا نییە. هەندێ لە شاعیرانی هاوچەرخ لەگەڵیدا شیعریان گۆڕیوەتەوە و بەجۆرێک موشاعیرەیان کردووە. شاعیرانی پێشتر ئەگەر شیعریان بۆ یەک ناردبێت بەداخەوە زۆربەی شیعرەکان لەناو چوون ... بەڵام ئەحمەد یاسینی وەک ئەمیندارێک، شیعرەکانی خۆی و ئەوانیشی هێناوە کە دیمەنێکی زۆر جوانی لەناو دیوانەکەیدا ڕەخساندووە. هێنانی شیعرەکانی مامۆستا ئاسو، مامۆستا ئەمین گەردیگلانی، ک.د.ئازاد و ... بووەتە ڕازاندنەوەی ناوەرۆکی دیوانەکە.

٦ـ ڕێ دەکەوێ کە لە دەقێکدا (چ شێعر بێ چ نووسراوە) بە هەندێ وشە بگەین کە واتاکەی نازانین. لەو کاتەدا پێویست دەبێ کە خوێنەر بچێتە لای فەرهەنگۆکەکان تا واتای ئەو وشەیە بدۆزێتەوە. هەر ئەمەش پچڕانێک لە نێوان دەق و خوێنەردا پێک دێنێ و دەبێتە هۆی لە زەوقدانی خوێنەر. کاک ئەحمەد بۆ ئەوەی ئەم گرفتە پێک نەیێت و خوێنەری شیعرەکانی، لە

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

خوێنـدنی شـیعرەکـانی بێتاقـەت نـەبن، لـە بەشـی کۆتـایی دیوانەکەیدا، فەرهەنگۆکێکی داناوە کە خوێنەری دیوانەکە لـەوە بێنیـاز دەبـێ تـا ئـەرکی دۆزینـەوەی وشـە و وەدەستخسـتنی فەرهەنگۆک و ... لەسەر شانی لابچـێ. فەرهـەنگۆکی کتێبـەکـە لـەبواری قـەبارەوە زۆر بچووکـەو تەنانـەت ٢٠ لاپەڕەیـەک دەبـێ بـەڵام لـەبواری وشـەوە زۆر دەوڵەمەنـدە و تەنانـەت زیـاتر لـە ١٠ وشەی نوێی تێدایە کە تا ئێستا خوێنەر نەیبیستووە و تەنانەت لە هـیچ فەرهەنگۆکێکـدا نەیـدیوە و واتاشـی نـەزانیوە. (وەک: قاقرِستان، گوڵووک، کووز، لەنگێزە، کۆخ و ...)

کۆتا قسەم ئەوەیـە کـە شـیعرەکـانی کـاک ئەحمـەد یاسـینی لەچاو تەمەنی زۆر گەورەترن و هیوادارم لـە ڕێگـای خزمـەتکردن بە ئـەدەب و کـەلتووری گەلـەکەمانـدا ڕێبـوارێکی ماندوونـەناس بێت.

٦ی جۆزەردانی ٢٧١٣ی کوردی
سەقز ـ ئومید موقەددەس

evinebook.blogfa.com

موناجات

یـا ڕەسـوولەڵڵا، لـە پێناوت دەنـێم مـن گیـان و دڵ
شـاعیری بـێ بـەرگ و ڕووتـم، نیمـە کفـن و خـاک و گـڵ

ئاڵـەکۆک و شـنگە دیـاری شـوانە وێڵـێ وەک ئـەمن
بـۆ دڵـی چوارقـاش و لـەت لـەت ئێـوە شیفاو مەرهـەمن

ئـەی شـەفیعی موزنـەبین و خـاوەنی شـەققول قەمـەر
تیشـکی ئـاواتم لـە کێـوی ناهومێـدی بێنـەدەر

مـاری نـادانی گـەزیومی هـەر ئـەتۆمی پێشـەوا
وەک ئەبوبـەکری سـەدیق بـە جـێم مەهێڵـە بـێ نـەوا

بـێ نـەوام و بـێ پەسـیوم، یوسـفێکم بێگونـاه
ئـەی پـەناهی بێپـەناهان تـۆی پـەناهی بێپـەناه

لـیس للانسـان إلا مـا سـعی ... تـۆ بگـرە بـەر
نان هـەتا نـەیجووی ئـەزیزم کـوا ئـەچێ قـووت بـۆ بەشـەر

یـا محەممـەد خـاکی گڵکـۆت سـورمە بـۆ دوو چاومـە
کـوردم و «پشـکۆ»ی دەروونـم بـۆ گـەلی داماومـە

تینوویەتی

چاو لە جوانی و

دڵ لە ئەوین

دڵدار لە ژوان

نیگا لە حەز

پێل لە دەریا

با لە بۆران

خۆر لە ئاسۆ

تاسەی ناشکێ

شاعیر لە هەست

منیش لە تۆ

منیش لە تۆ

ئەی نیشتمان

Thirsty

The eyes are satisfied with
beauty,
The heart with love, the lovers

with tryst,the sea with the
waves,the wind with
blizzard,the sun with
horizon,the poet with
sense,and Iam reallmy pleased
with being you
oh, my home

translator: Ali Hosseini

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

بۆ مامۆستای پایەبەرز و بەڕێز ک .د ئازاد

پێنوس

کامە گوڵ دەم لەبەرۆکی
ئەوپەیامەت
ئەی پرشنگی
ئاسۆ و ڤێنوس!

ئەتۆبەرزی وەک ئاربابا
چۆن بتگاتیٚ!؟
دەستی پێنوس!

evinebook.blogfa.com

مێعراج

ئەی ئەهورا
مەزنترین سوورەی خودا
بەترووسکەی نیگاو
سووکەماچی برژانگ
دەچمە مێعراج و
دێمەوە..

سووڕەی بزە

لەكۆڵانی تەنگی
ئاسمانی بێ تۆییدا
خۆر و مانگم لێ گیراوە
ڕەنگە سوورەی بزەو
ئایەتی ڕووت
ڕزگارم كات
نیشتمانم

سێ میسرەعی

Bluetooth ی خەیاڵات بۆتە دابێ
دڵم برژا بە ئەشقت وەک کەبابێ
دەسا سۆزی نیگاێ send کە بابێ

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

چرۆی پەیڤ

چـــرۆی پـــەیڤی گـــوڵی ســـوورن لـــەزارا
بـــە چـــۆک هـــاتم لـــە چـــووکی زاری زارا

هـــەوا جـــارێکی دی ســـێو برنـــە تـــۆ خـــوا
کـــە بێـــزار و پـــڕو لیـــپم لـــەزارا

گـولّی خـۆت، ئـەی پـەری‌گـولّ بـۆچی دەمـژی
دەســـا خـــۆ خـــۆری تـــا کـــەنگێ مـــودارا[1]

١. مودارا : ئاماژەیە بەو شێعرەی حافز :
آسـایش دو گیتـی تفسـیر ایـن دو حـرف است
بـا دوســـتان مـــروّت بـــا دشـــمنان مـــدارا
(حافز)
ئاسـوودەیی دوو دونیـا لە مانایـە لـە دوو پیتـە
شـایانی دۆسـت و دوژمـن پێکهـاتن و مـوداران
(حەقیقی)

evinebook.blogfa.com

وەکــوو قــازی بــە خــاڵی مــەنتقی کــورد
مـــنم پابەنـــد ئەگـــەر بمکـــەن بـــە دارا

گـــوڵم گـــەرچی دڵـــم وا پـــڕ کوڵـــە و دەرد
چلـــۆن کـــۆڵ دەم لـــە ئاســـتی شـــار و ژارا

لـــە حەژمـــەت زامـــی هـــۆزم بـــووم بـــە «پشـــکۆ»
دەبـــێن بـــم دەن بـــەدەم ئـــاوی ڕوبـــارا

٩٠/٢/١٤

خورپەیەک

لەڕێگایەکی قیرەتاو
دوو نیگا لەپشت شیشەی
ماشینەوە
بەتوندی بەلای یەکدا تێ دەپەڕن
جێ دەمێنێ دنیایێ ڕاز...
خورپەیەک بێ بڕانەوە

٨٩/٧/٢٢

ئالآی زولف

زۆر لەمێژە هەنگی هەستم
هەنگی هەستی پڕ مەبەستم
لە دوی شێعرێ خۆشەویستم
وێڵە کە بۆنی نەکرابێ
وەکو گوڵی کوڵمی گەشت
ئێستاکەش شەقڵی نەشکا بێ
وەکو نیگای چاوەکانت
گەش و ڕوون و پڕ سەفا بێ
وەکو بزەی لێوی ئاڵت
دوور لە دوو ڕەنگی و ڕیا بێ
وەکو بەژنی شۆڕ و بەرزت
خاوەنی ڕەنگ و ئالآ بێ
نەقشەی دڵی مرۆڤ بێت و
سەربەخۆیی لەگەڵدا بێ

٨٦/٦/٣٠

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

آمیزه شدن

نـدانم چگونـه بـا تـو در آمیـزم؟!
گـر اهـل بهشـتی بـه‌من بگـو
تـا سـجده بـرم همـه‌ی خـدایان را
گـر دوزخـی هسـتی بـه مـن بگـو،
تـا کـه زمـین پـرکنم ز عصـیان

نـدانم چگونـه بـا تـو در آمیـزم؟!
گر خاکی غصب شده‌ای به من بگو،
تـا پوسـتم را پرچمـت بسـازم
گـر چـون مـن نیـز کـولی هسـتی
خـود بـرایم مـرزی بکـش
و مراسـرزمینت کـن

عبدالله پشیو ٨٩/٧/١٠

evinebook.blogfa.com

سەدەی باتۆم

باران بڕانی
ماچ و ژوان و شوشەعەتر
باڕێزەی گوڵە ئەستێرە و
چڕژانی مانگ و ئاوێنە
پڕژانی تێنووس
شکانی پێنووس
بۆنی گوڵەگەنم و
گزنگی خۆری لێ دێ
یا! بۆنی عومەر خاوەر
بیرتەسکانی سەدەی باتۆم
تف لە ویژدان و قەڵەمتان
سیخوڕانی ورگ شۆڕ!

٩٠/٨/٢٥

بارستی کۆچ

کەســـەر دیســـان لـــەژێر بارســـتی کـــۆچ دا
دەقـــی ژینمـــی بەلـــەز لـــێم لـــۆچ و پـــۆچ دا

ئـــەوا دیســـان لـــە ســـەر بســـتووی ژیـــانم
خـــەمێکـــی دی مچـــۆڕکی خســـتە گیـــانم

ئـــەتـــۆ ئـــەورۆ مـــەکـــۆی عـــیلم و هونـــەربـــووی
بـــەکـــوێرا وا لـــەبـــەر چـــاوان پـــەتـــەر بـــووی

ئـــەوا هـــەر دوو چـــەمـــم کـــویرایی دا هـــات
کـــەوا داچـــوو گزنگـــی تیشـــکی بـــاڵات

٩٠/٥/٢٢

سەدی کێلێ

بزەی چاو!

هەدا نادەن شەپۆلی چاو
پڕ لە بزەن وەکوو هەتاو
با دنیا سیخوار بێ و پایز
چرۆی دڵن یادی ئازیز

٩٠/١٠/١٥

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

تریفەی هەست

لە خورپە ناکەوێ دڵم،
هەتا بەیان هەموو شەوێ
لە ناو کووچەی خەیاڵی تەنگ،
هیلالی ڕووی ئەتۆم دەوێ

پەژارە دەوری هەستی دام،
وەکوو تریفە دەوری مانگ
دەسا بنێرە بۆم پەیام،
هەواڵی تۆم دەوێ لەوێ

٩٠/٩/١٠

evinebook.blogfa.com

بەڵێن

بەڵێنم داوە ئەمجارە
شێعرم
زایەڵەی دەنگی هەژاران بێ
هەژارانی گەرمابردوو
سەرمابردوو
بۆ لەتێ نان
بەرگ و جلی منداڵە هەتیوەکانی
بێ دەرەتان
بێ نازەکانی سەر شەقام
گڕ و گڕکانی هاواری
گەرووی خنکاوی ئەویندارانی، برینداراني
ڕێی ئەوین بێ،
شانەی زوڵفی کچان
بگرێ دەستی لە کۆچووی

هەتیوەکانی سەرشەقام

شەقامە شکاوەکانی

شکاوە چراکان

بسڕێتەوە ڕۆندکی

گەرمی،

گەرمی ڕۆندکی هەرەس هێناوی

دڵە پڕ هەستە

بێ هەستەکانی

گشت هەستیارانی

ڕێی ژیانی بێ بەزە

بێ بەزەتر لەبزەی

زل هێزە دڵ ڕەشەکان

بەڵێ دەبێ بەکار بێنم

نووکی نەرمی قەڵەم

بۆ سەرەنێزە، تیژەکان

بۆ تفەنگە پڕ گڕەکان

بەڵێن ئەدەم دووبارە

شێعرم زایەڵەی دەنگی

هەژاران بێ

گوارە بۆ گوێی کیژان

بەژنی کیژێکی شۆخ و شەنگ

بۆ کوڕانی کۆڵانەکان

«جەمامی شان و پیل

چڵکی یەخەی جووتیار

نرکەی سنگی کرێکار»

گۆچان بۆ دەستی پیر

چاویلکە، بۆچاوی کەم بیناکان

بەڵێنم داوە بەڵێن

گۆک و گۆڤەند ساز دەکەم

لە گشت چین و توێژێ

بەچەکی زانست و بیر

ڕێبەندانی ٨٥

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

غەزەلێکی دوو قۆڵی

ئەویندارى گوڵى جوانم نەهەرزە
ئەوین لاى من وەکوو قەندیلى بەرزە
ئەتۆ یادگارى زەردەشتى ئەزیزم
بەمن ڕێزت وەکوو نوێژێکى فەرزە

ئەلف.ى پشکۆ

«ئەویندارى ئەمێستا بۆى نەماوە
ئەوەى نەیبێ ئەوین ئێستاکە مەرزە
بەچاوى دڵ،نەسەرا! بڕوانەرووى گوڵ
دەبینى بۆ ئەوى پێنج فەرزە فەرزە»

یادگار

سنوور ئێستا لە کوێ ماوە ڕەواجى
لە بۆ ئێمە ڕەوان ئەم داب و تەرزە

evinebook.blogfa.com

بــــه ســــۆمای دڵ! دەنـــۆڕم بــــۆ چرۆیــــان
کـــه گـــوڵ چـــەترن لـــه ژینـــی پڕلـــه تـــەرزە!

ئەلف.ی پشکۆ

«هـــەموو نـــوقمین لـــەزەریای ئەشـــقی کیـــژا
دەســـا! خۆمـــان گرین،ئـــەو ئەشـــقە قـــەرزە
ئەگـــەرچی خۆشـــە هـــاوین دەشـــت و دەر ســـەوز
لــــــە ئاکـــــامی ئـــــەویش پـــــاییزە وەرزە»

یادگار

دەکاهەستـەمەست شـەمامەو گـمگمـەی جـوان
دەئاڵێنێتــــــه بریـــــام زولـــــف و تـــــەرزە!
چـــزا «پشـــکۆ» بـــــە ســـــەر زام و برینـــــا
کـــــه هـــــاواری جیهـــــان دێنێتـــــه لـــــەرزە

ئەلف.ی پشکۆ

۹۰/۹/۱۰

بڕوا[1]

من ئەسرین نیم
لە ژێر پێلوی چاوەکانتا
ورد هەڵوەرێم
خۆزگەیەک نیم
لە گۆڕستانی سینەتدا
بنێژرێم و نەمبینییەوە
ئەمن مانگ نیم
لە نێو هەوری ڕەشی ژینا
لێت ون ببم
ئەستێرە نیم
لەسەر گازی پشت ڕابکشێی
لێم بڕوانی

١ـ لە گۆڤاری مەهاباد ژمارە ١١٥ چاپ بووە.

من خەیاڵ نیم

ئەمن بڕوام

ورەی بەرزم

لووتکەی هیوام

ڕەمز و هێمای سەرکەوتنم

بەرخۆدانم

من پڕووشەی وردی تاڤگەم

من شەتاوم

لە گێژ و بەند، هەڵدێرولەند

تادەمی مەرگ، ئاویلکەدان

دوا هەناسە

هەر لەگەڵتام

لە گەڵتانم

تا ئەو کاتەی هێور هێور

چاوی حەز و خولیاکانم

خولیاو هێزی تیا نامێنێ

لە گەڵتانم ...

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

بۆ بەحری ئەدەبیات ... ئاسۆ

هەڵۆی پیری موکوریانم، سوار چاکی یەکەو نابم
هەتا لووتکەی وەکوو تۆم بێت بەسەد ڕیشتر نەوی نابم

سەری بەرزم چلۆن شۆڕ بێت کەوا شۆڕن کەزی شێعرت
تەوژمی نوێی خەیالاتت دەڵێن ئاوو گڕو بابم!

ئەتۆ ئاسۆی گەلی کوردی، گەلێ بۆ مەوتەنت مۆتەن
لە پێناوی گزینگێکتن کەس و کار و برا و بابم!

لەکوێن گوێیەککە بیبیستن ئەوین و فەلسەفەی! بیستن
ئەتۆ گوارەی لە گوێی شەودا لەگەڵ ورشەت دەبێ ڕابم

هەڵۆی تەرت و زنار و چڕگەن و لێژ و تەلانم وا
خوڕەی هەڵدێری هۆنراوەت دەڵێ هەردەم بە هیوابم

لە ناڵەشکێنەرا دیارن هەناسەی ودمی ئاسۆی من
زنا و ڕازی دڵی هۆزن گەزیزەی زیزی نایابم

٩٠/٦/٧بانە

evinebook.blogfa.com

وڵامی پشکۆ لە لایەن ئاسۆوە

بـرام پشـکۆ وەکـوو مـوکری دەڵـێن ئـەی بەرخەکـەی بـابم
دەمێک گوێ بگـرە بـۆ شـێعر و وڵامـی نامـەت و جـوابم

ئەمن تا دۆستی وەک تۆم بێت بوڵیندم چەشنی ناڵەشـکێن
وەکوو دەنگی حەسـەن زیـرەک بـە خێڵـی ڕەپ نـەوی نـابم

گـەڵێ لوتفـت هەیـە گیانـە دەزانـم دەرحـەقم چـۆنی
دەزانـی بـۆ بوڵینـدی گـەل بـە دائـیم پـڕ کـوڵ و تـابم

ئــەبێ ڕۆژێ بــە ئــازادی ببیــنم نیشــتمانی خــۆم
بە مەرگی تـۆ لـەلام فـەخرە گـەدای بـەر دەرکـی پاشـا بـم

نــە چــاوەڕوانی دۆســتێکم نــە ئــاواتی مــەقامم هــەن
بەڵام پێم خۆشە هـەر بـۆ خـاک و میللـەت شـاعیری چابم

کەسێ شێعری حـەقیقی و مـام هـەژار و هێمنـی بیسـتبێ
مەحاڵـە کـۆڵ بـدا بۆیـە کـە مـن پـێم خۆشـە ئـازابم

من و تۆ تا قەڵـەم شیر و پـەڕەی کـاغز بـەرەی شـەڕ بـێ
دژی کـەس نـین دەزانــی خـۆ منـیش بـۆ دوژمنـی نـابم

بە «پشکۆ»ی شێعری «یاسینی» قەسەم هەر ئاشقە (ئاسـۆ)
بە دەردی خۆمــەوە جـێم بێڵـە بـا هـەر شـێت و شـەیدا بـم

٩١/٥/٨

موحەممەد سەعیدی نەجاری

«ئاسۆ»

بۆران

ساڵانێکە ئاسۆگی دڵ
قاقای خۆری نەبیستووە
پشکۆژی حەز و ئاواتم
پرپیشکەیێ لێی نەداوە
لەم بۆران و بەستەڵەکە

بەقەد دەرفەت دڵم تەنگە
کولووە بەفری شادیەکانم
توانەوە دەنکە دەنکە

۸۸/۱۲/۲۰

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

پاییز

شـــنه بـــای ســـەردی ئێـــوارەی پـــاییز
بـــۆچی دڵتـــەنگی بـــۆ کامـــە ئـــازیز

تـۆش وەک مـن دەسـتی نامـەردی خـەزان
بــە بــاڕێزەی گــوڵ دڵتــی هەڵتــەزان

ئــەتۆش وەکــوو مــن گــەڵات وەریــوە
کـــۆچی ئـــازیزان جـــەرگتی بڕیـــوە

هـــەواران چـــۆڵ و ئـــاوا بـــوو زەردە
هـــەر مـــن و پـــایز دڵمـــان پـــڕ دەردە

شـــەوە و دەروونـــم پـــڕ لـــە ســـریوە
ئەســـتێرەی خۆزگـــەم تینـــووی زریـــوە

evinebook.blogfa.com

مانـــگ وا چارشـــێوی شـــەوی پۆشـــیوە
ســـیخوار و شـــەختە دنیـــای تـــەنیوە

هـــەواران چـــۆڵ و زەردە بـــوو ئـــاوا
هـــەر مـــن و پـــایز چاومـــان پـــڕ ئـــاوە

پـــایزی خـــەمین، پـــایزی خـــەمین
وەرە هـــەردووکمان بـــا بـــەکوڵ بگـــرین

ئـــەتۆش وێنـــەی مـــن دڵـــت بـــوو تۆتـــۆ
تـــۆ بـــۆ مـــن بگـــری، مـــن ئـــەگریم بـــۆ تـــۆ

۹۰/۹/۸ ـ ڕێگای نەنۆر

پۆیلانه

چەپکێ تیشک و
چەند هێشووە ئەستێرەیەک و
ملوانکەیێ لە ئەسرین
ئاوێنەیێ لە مانگ
شەپۆلێ لە تارای هەستمت
دەکەمە پۆیلانەی
ڕۆژی پرسەی زەماوەندت
چۆن لە بیرکەم
ئەو پووشپەڕەی
پاش بەهارم؟
من شاعیری برک و ژانی
ئەم هەڵدێر و دارەبەنەم
زۆر شەوگاری دیشم دیون
نارەومەوە لەو گورگانەی
کەوا لوورەم لە لوولەی تفەنگ خنیون
٩٠/٤/٢٣

تاوێری حەز

بە زاخێری چڕی
زامەکاندا سەرشێتانە
هەنگاو دەنێم
سەردەکەوم
دانەدانەی حەزەکانم
لەم چنگە کڕکێ و ملە
دەبنە تاوێر
شات دەبەستن و تلاوتل
بەر
دە
ب
نە
وە
...

٨٨/١٢/١٨

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

تۆرەمەی بەشەڕ[1]!!

دەچــۆن نــەڕوا کــەوا دەڕوا گلێنــە و بیلبیلــەی چــاوم
لــە چــاو ئەســرم چلــۆن بســڕم کــە ڕۆی تینــی دڵــی کــاوم

کــە تــاڵی زولفــی کاڵــت کەوتــە ســەر خاڵــت ئــەمن دەبــوا
بــزانم وا لــەکام پــەڕدا بــزەی بــەختی بــەجێ مــاوم

نەکــەی بــڕوا کــەوا بــڕوا لــە یــادا نــاوی شــیرینت
لــە قەنــدیلی ئەوینــدا مــن گــریلاتم هــەتا مــاوم

نــەماوم خــۆ چــەماوم بــۆ نــەمام و بــەژنی بالاکــەت
کــەوا ناکــام لــە ئاکامــدا بزرکــا بنجــە لاولاوم

کە سەر نەیبێت کەسەر یا ژان، بەژار و مەینەتی ئینسان
دەبێ بێژێت کە من تیرەی بەشەر نیم و بەشەڕ باوم

چەلێک دەردی گەلێک دەمکاتە پشکۆ وگڕ، دەمێکیش تۆ
سەرم سووڕما لە سووڕ و تووڕی ئەم چەرخەی کە چۆن ماوم

٨٩/١٢/٢٢ سەقز

١ـ لە گۆڤاری مەهاباد ژومارە ١٣٣ چاپ بووە.

evinebook.blogfa.com

مەڕۆ

چاوەکەم پڕ ئـاوە لـەسـوێی دەردی هیجرانـت مـەڕۆ
دڵ پەشـۆکاوم بـە سـۆزی، سـەوزی چاوانـت مـەڕۆ

کۆشکی ئـاواتم گەلـێ جـار هـەڵچنی و ڕووخایـەوە
تۆ وەرە ڕۆشن کە ڕێگام بەو نیگـای جوانـت مـەڕۆ[1]

کۆندەلان ٧٩

١ـ لە گۆڤاری ژینۆی هەمەدان ژومارە٤ چاپ بووە

لان و ژان

لــــه مێـــژن زۆرلـــه مێـــژن مەینـــەتی و ژان
بـــه مـــن فێـــرن لـــه ڕۆحمـــدا دەكـــەن لان

فەلـــەک دیســـان گـــوڵی هیـــوای وەرانـــم
چلـــوورەی چـــاو بەلـــەز وا کەوتـــه چـــۆڕان

کانی جنه ٩٠/٤/٣٠

تەشقی ئاوات

کەوی کوردی تەلانی بێ بژیوم
هەڵۆی بێ فەڕ وزەی لێ هەڵچنیوم

دنەی هەستم دەدا نیگای حەزینێ
بە داوی ڕەش هەموو لایان تەنیوم

لە شێوەردێ دەکەم چینەی خەیاڵێ
قەڵاچۆیان لە ئێسک و پێس خنیوم

لە حەیفانم لە بەفری سەر دەکەم ڕۆ
لە تانووتی نەیار و یار بەزیوم

کەوێلێکی بەدی ناکەم لەلایێ
هەموو دوند و کەژ و یاڵان گەڕیوم

حەوێقی بێ سنووری ڕازەکانم
بەچاوی دڵ بە ناویاندا فڕیوم!

خوداکەی بێ لە ئەم داوە، ڕەها بم
غورەی دەنگم کەڕ و کاس کا دژیوم

۸۸/۱۱/۲۲

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

خانۆکی ئەوین

شـــێعرت دەوێ ناســـک و گـــەش
گـــەش تـــر لـــە چـــاو و بـــرۆی ڕەش

تیژتـــر لـــە گۆشـــەی هـــیلال بـــێ
یـــانی شـــێعری کـــوڕ و کـــاڵ بـــێ

وەکـــوو ئـــاوی لێـــوی شـــیرین
یـــا خـــۆ شـــیرینتر لـــە شـــیرین

بـــزەی مـــانگی نێـــو قـــەد باریـــک
خورپـــەی نێـــو جێژوانـــی تاریـــک

ســـرتە و ســـیلە و چـــاو هەڵتـــەکان
نقوچـــک و ئـــای خـــۆ لـــێ بـــادان

evinebook.blogfa.com

قاقـــای ئاســـۆ و تیشـــک و ئـــەوین
ســــــــارێژکەری زام و بـــــــــرین

بـــەڵام ئـــازیز لـــەم چاخـــە دا
کـــوا «پشـــکۆ»ی دڵ هـــەدا ئـــەدا

ئـــەمن ئـــەمڕۆ شـــێعرم گـــڕە
لرفـــە و نێڵـــەی دڵـــی پـــڕە

کویلـــــەم و زمـــــانم لاڵـــــە
لـــە تـــاو بـــارێزەی هەڵاڵـــە

لـــە خـــانۆکم چـــۆن ببـــزوێن
شـــێعری پـــاراو و هەســـت بـــزوێن

٨٩/١٠/٢٩

خوناوکەی بەهەشت

هاوڕێم ئەی ڕووناکی ژینم
دوور لە تۆ پڕ کوڵ و شینم

بزەت بریقەی شەتاون
خوڕەی هەڵدێری کانیاون

چاوی سەوزت پڕ لە سۆزن
ئیلهام و هەستم دەدۆزن

تۆ ئارامی و حەز و خولیای
بیلبیلەی چاو و ڕۆنیای

لێوت موژدەی بەهار و ژین
گوڵاڵەی سووری ئاتەشین

ئاســـــۆگی هیـــــوای، ڕوونــــــاکی
ڕوونـــــــاکتری لــــــه ڕوونــــــاکی

ئـــــــەتۆ فریشــــــتەی ئاســــــمانی
کفـــر نـــابێ بێـــژم خـــوا نـــی!؟

ســەرم ســوورڕماووە! کــە تــۆ چیــت؟!
تــۆ خۆشەویســـتمی خـــودا نیـــت

مـــن لام وایـــە تـــۆ بـــە گشـــتی
گـــوڵ و خوناوکـــەی بەهەشـــتی

چاوگی دوپلوسکان ـ ٩٠/٦/٣

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

زایەڵەی شێعر

لەگەڵ کام ڕێژنە

داکەمە سەر لێژنەی دڵت؟

من زایەڵەی خنکاوی شێعرم

کەی دێ کۆلکەزێڕینەیێ

لە چیا و تەلان و بەردی دڵت هەڵدەم؟

هۆ ئازیزەکەم

ڕەنگە هێشتا نەتزانیبێ

دوای باران، کۆڵکە زێڕینە دێ و

پاش هەڵوەرینی ڕۆندکی شاعیرێک

پەلکە زێڕینەی شێعر

بەڵام من زۆر لە مێژە

لە ئاسمانی چاوت دەگەم ...

٨٦/٨/١٥

evinebook.blogfa.com

ژانی گەل

ئـــەوا دیســـــان لـــە چۆڵگـــە و نادیـــاران
دەچێـــــژم ژاری دووری و یــــادی یـــــاران

لـــە ســـۆیانا دەڕێـــژم ئەســـری ســـوێرم
لـــە کـــوێن هـــاوار هـــەڤاڵان یـــا، دیـــاران

لـــە بـــۆ وەرزی کـــراڵ و قـــاقڕی خـــۆم
دەبـــێ بێـــژم هـــــەلاران و مـــــەلاران

تەمـــەن وا بووکـــە بارانـــەی دەوێ لـــێم
بـــە دڵ تینـــووم وەکـــو بـــوورە و بـــەیاران

بـــەژانی گـــەل، گـــەلێ شـــەو ڕاچـــەنیوم
چـــەنێ ســـپڵەن ئەوانـــەی تـــەک نـــەیاران

وەکـوو پشـکۆ لـە سـەر چـاوگی هـەڵووژان
دەنـاڵێنم بـە نـەی شـێعرم لـە ئـاران

٩٠/٥/١٨
چاوگی هەڵوژان بانە

ژن[1]

له دووترۆپكی

سەربەتەمی

سینەتەوە

خۆرهەڵدێت و

له داچوونی تیشكی نیگات

ژیان

ئا

و

ا

.

.

٩٠/٦/٩

١- لەگۆڤاری (ژن) ژمارە ٧ چاپ بووە

بێهۆ

ژیـــــانم پــــڕ لـــــە ژان و دەرد و ســــۆیە
نیگـــام تینـــووی بـــزەی ســـەر لێـــوی تۆیـــە
لـــە تـــاوی تـــۆ تـــواوە مـــۆمی ژیـــنم
تەقەللاشـــم وەهـــا بێهۆیـــە، بۆیـــە...

٩٠/٧/٨

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

سووتووی شێعر

به‌ قرمژنی تیر بانگ به‌ گوێمدا دراوه‌
بۆیه‌ له‌ قرمه‌ی تفه‌نگ بێزارم
به‌ سووتووی جه‌رگی دایکان
برینی ناوکی بڕاوم، بڕژاوه‌
بۆیه‌ به‌ سووتووی شێعر و هۆنراوه‌م
برین و زامتان ئه‌بڕژێنمه‌وه‌
له‌ حه‌ژمه‌ت تۆف و به‌سته‌ڵه‌که‌ وا
بوومه‌ته‌ «پشكۆ» ناكوژێمه‌وه‌

٨٩/٨/٢٤

evinebook.blogfa.com

سەنگەری دڵ

ئــاخ گــەردوون ئەمشــەو وا ناڵــەی دەروون
هێنــای لــە چــاوم ئەشــکی گــەرم و ڕوون

ئەشــکی هــاواری بــێ دەنگــی و ناڵــە
ڕازی خنکــاوی ئەشــقی چــەن ســاڵە

ئەشــقێ کــە گــڕ و بڵێســە و گڵپــەی
دێنــێ لــە چــاوم ڕۆنــدک پەیاپــەی

ئەشــقێ کــە هــەر شــەو بــە ئێش و ژانــی
پــێم ئــەدا گێنگــڵ تــاکوو بــەیانی

بــەڵام ئــەو ئەشــقە لــە ســەنگەری دڵ
وەکــوو شــێرە کــوڕ لــە هــیچ ناکــا ســڵ

بەهاری ٨۴ ـ کۆندەلان

شایلۆخانی بابلیسک

خۆر هەناسەی لێ براوە
شایلۆخانی بابلیسکە
دنیا نوقمی تاریکییە
وڵات چاوی پڕ بۆتەوە
کەس لەکەسە و بڕفێن بڕفێن
زیرە و قیژەی پەپوولەیە
وڵاتێکی مەرگە گوڵم

نە باوک دڵی بۆ ئەولاد
نە ئەولاد سەری دایک و باب
نە کەس دەی پەرژێ سەری کەس
کێ دەڵێ قیامەت نییە!؟

سەقز ٨٩/٣/٢٦

شەپۆلی خنکاو

ئاخ ئەمشەو چەندەم حەز لە نووسینە
حەزی شەپۆلی خنکاوی دەروون
دەروونی پڕ لە شەپۆلی ئازار
زەریای ئازار و گێژاوی دەروون

٩٠/١/٤

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

شەمی ئەشقیا

من باران نیم بەسەر شارا بڕژێم
هەیڤ نیم لە شووشەی هەر ماڵێک دەم
شەمی ون بووی ئەشقیام
باڵای بەرز و تەرزی کاڵی
تێک ئاڵاوت
چنار و لاولاو
دەنکە ترێی ڕەشی نزا و گلێنەت
خەندەت ڕۆحی سووکی کانی و
لێزمە هۆرژنی گریانت
ترپەی باران، ترپەی دڵ و
سینەت بناری بەفرەسوو و
کەژی داسەکنانمە
بۆیە ئەمن «نیشتمانە» گلێنەم

٨٩/٩/٢٩

evinebook.blogfa.com

شەوە ژان

لە چاخ و سەردەمی ئێستا لە کوێن زیـن و مـەمێکی
لـــە تـــاپۆ و بوومـــەلێڵی دڵ بـــزەی نـــایێ شـــەمێکی

لە گێژاوێ بـە دووی ژوانـی شـەم و شـۆڵەی شـەمێکم
بـە شـێبای زایەڵـەی شـێعرم وریشـەی بـێ ژەمێکـی

لــە تۆتــۆی نــاو دەروونــی ناحــەز و ژارم هــەموو دەم
گەلاوێـژی شـەوی تـارمی لـە شـینی هـەر خـەمێکی

لـە دوو هێڵـی تـەریبم مـن لـە گۆڕیچـەی تـەژی یـاد
لــە دووڕیــانێکی بــڕک و ژان بــەجێ مــاوم دەمێکــی

شەوەزەنگە، ئەوین نەنگە، حەز و تاسـەم نەپشـکووت
بەزەت بێ با بـە حاڵمـدا سـەری مـوویەک، کـەمێکی

بــە ڕاچــوونی بژانگــی تیــژ لــە زووخــاوی ڕەشــی دڵ
گەلاڵـەم وا، وشـەی نوێیـە لـە تـۆی بـێ هـاودەمێکی

شـــەوی ژانـــی چـــڕی ئەشـــقم هەژانـــدی زامـــەکانم
بە«پشکۆ»و مـەشغەڵی خۆزگەمگرێگرت عـالـەمێکـی

کۆننەلان ٨٨/١٠/٩

غەزەلێکی چوارقۆلی

(سەعید نەجارِی «ئاسۆ»، ئەمین گەردیگلانی،
ئیبراهیم ئیسماعیل پوور «شەماڵ»، ئەحمەد یاسینی«پشکۆ»)

لـــە گوێمـــدا زەمزەمـــەی دێ خیـــزەڵ و چـــەو
کـــەوا کـــانی چ جـــار نـــابێ جیـــا لـــەو
لـــە ناخمـــدا شـــەوی مێعراجـــی ئەشـــقە
دەبـــزوێ هەســـت بـــە ویبـــرەی ئـــەو برووســـکەو
شـــەو و ڕۆژ هـــەر یـــەکن لایـــان ئەوینـــدار
بـــە ســـۆمای دڵ دەپێـــوێ ڕێگـــە، شـــەورەو
(ئەلف.ی پشکۆ)

بـــە ڕۆحـــم گـــوت لـــە تـــاریکی نەترســـی
لـــە ناخـــا مەشـــخەڵی هیوایـــە هەڵکـــەو

ببــــه ڕێبـــــواری ڕێگــــەی ڕژدی دونـــــدێ
کــــه گرکـــانی ئــــەوین کـــردی بـــه پێخــــەو
(ئەمین گەردیگلانی)

منـــــی ئاشـــق به دووتــــا ویـــڵ و شــــەیدام
ئــــەرێ ئاســـک هـــەتا کــەی لـــێم دەکـــەی ڕەو
(شەماڵ)

دەکــــــەم ئـــــاژین لـــــه وەرزی ســـــەوزی یـــــادت
شـــــەواوی چاوەکـــــانم مـــــن هــــــەموو شـــــەو
(ئەلف.ی پشکۆ)

لـــــه ئاورێشـــــمی خــــەیاڵی تـــــۆی دەپـــــێچم
بــــه ئەســـپایی لـــــه جێـــدا کۆرپەڵـــەی خـــەو
(شەماڵ)

دەخــــوێنم مـــــن بـــــه یـــــادی کـــــۆنه دەردان
لـــه ســـەر دونـــدی چیـــای کـــوردان وەکـــوو کـــەو
(ئاسۆ)

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

دەسا خوێنم حەڵاڵت بێ بخوێنە
کە سەربەستی لە دووی دێ سێبەری ئەو
(ئەلف.ی پشکۆ)

بەڵێ هەر ئافرەتێ شیرین نییە، نا
نە هەر ئاشق وەکوو فەرهاد و خەسرەو
(ئاسۆ)

بە چاوی نوێی ببینی وردەکاری
نییە فەرقی ئەدی ساباڵغ و مەسکەو
(ئاسۆ)

مەکە زەوتی لە کۆزا بەرخی بیرت
دەبا ئازاد بئاژۆن پاشی هەر زەو
(شەماڵ)

«وەرن با شێعری پڕ مانا وەهۆنین
نەوەک ئەو تاقمەی دژوازی دژڕەو
لە ئاکاریان دەباریٚ تۆزی کۆنی
بە ڕووداری بە شێعری خۆ دەڵێین نەو

evinebook.blogfa.com

دەقێکـــی پێـــی نەبـــزوێ هەســـت و ئـــاوەز
ئیتـــر جـــا چـــۆن دەنـــێن نـــاوی شـــیعر لەو»

(ئەمین گەردیگلانی)

ئـــەمین، ئاســـۆ، شـــەماڵ، پشـــکۆ، بڕاســـێن
دەبـــا دانەگـــرێ چـــاوی شـــێعری کـــورد خەو

(ئەلف.ی پشکۆ)

٩٠/٨/١٨

قاقڕستانی جوامێری

سینەم کاتۆر لە شادییە و
ژانێ بەربینی گرتووم
پەلەقاژێ و پەلٚ کوتانمە
لە بیرێکی قوولٚ و مەندا
هاواری دەنگی نووساوم
ناگاتە شادەماریشم
تا سێبەرم هەتەرناکەم
چ دۆزەخستانێکە ژین
قاقڕستانی جوامێرییەو
لە توولە ڕێێ پڕ شەوارە
ئەو ترووسکەی بۆی دەڕوانم
چاوی زەقی گورگی هارە!

٨٨/١٠/٢٨

كاكێشانی هیوا و حەز

نیگات ترووسكەی ئەستێرە
یا برووسكەی شەهابێكە
بەناو دڵی شەوە زەنگما
مچۆڕكەی دێ و تێ دەپەڕێ
دڕ بە شەوی تارم ئەدا
كاكێشانی هیوا و حەزت
ڕێگایەكە و بزر نابێ
سەد باپووسكەش بێ و گلێرە
ئاسۆم گوڵاڵە و شلێرە

٨٩/٧/١٦

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

کزەی کۆچ

لە هیجرانا خەمۆک و گێژووێژم
دەڕاوێنم لە بەر خۆوە دەبێژم

کە کۆچ و خوێن بڕستیان لێ بڕیوم
بە برژانگم خەمی دووریت دەبێژم

هەمو عالەم خەریکی خێر و خۆشین
هەتا کەنگێ ئەمن کۆڵەت بچێژم

بڕێژم یا نەڕێژم ئەسری کۆچت
لە ناخمدا پەژارەی تۆ دەچێژم

دەچێژم ژاری تاڵی ناموڕادی
بە هەودای تاڵی خاوی تۆوە گێژم

ئەمن خاراوی ناو «پشکۆ»و بڵێسەم
کزەی کۆچت لە تۆی دڵدا دەنێژم

٩٠/٥/١٨ چاوگی هەڵۆژان

evinebook.blogfa.com

کەلەبچە!

هەواڵنێرانی دەنگ و باس
ڕایان گەیاند
ئەوینیان کەلەبچەکرد و
ئازادیشیان داوە لەدار
کاوە و نیخاڵ دایان لە پڕمەی پێکەنین
هەردوو وتیان!
قەت ئەوین کەلەبچە ناکرێ
ئازادیش!
قەت نادرێ لەدار

٩٠/١/٣١

تۆمی وشە

دەروونم تۆمەشانێکە و
پێنووسم دەستی جووتیاران
دەوەشێنن وشەی ناخم
لە سەرکێڵگەی بۆش و تینووی
چاو لە باران

٨٩/١٠/٢٠

شێعر

شێعر ویژدانی بێدار و
داد و هاواری ئینسان و
باڵەتەپیێ نێوقەفەسە

شێعر:
ویژدانی دانەمرکاو و
نرکەی دڵ و
وزە و بەزە و هێزە

٩٠/٦/٢١ سەدی کێلێ

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

فریشتەی ڕێژنە

ئەی باران و هەیڤ و شووشە
شووشەی دڵم وا شەقی برد
وردەڕێژنە دەستم بگرن
لە چوارچێوەی یاسای مرۆڤ
زۆر جاڕزم هەستم مردن

خۆزگە منیش وەکوو ئێوە
ڕۆحی سووکم باڵی دەبوو
بە سەرکام گوڵ زۆر ناسکە
تریپەترپ دادەباریم
کام شووشەی دڵ زۆر پڕ تەمە
دەم شواردەوە
«بەڵام هەیهۆ ناسکەخەجێ
ئەتۆ لەکوێ و شێعر لە کوێ»[1]

١ـ ئەو بەیتە شێعری ک. د. ئازادە

evinebook.blogfa.com

هەناسەی دابەش

چاوی ئاسمان
پڕ وەنەوزە و
ئاسۆ ڕەشپۆش
باڵی تیشک کوڵ بۆتەوە
شەماڵ هەناسەی دابەش و
باران خرمەی لێ بڕاوە
چاوەڕوانی پشکۆژ مەبن
چرۆنادات
خەڵفی ئەم کانییە سوێراوە

٨٩/١١/٢٥

دوو بەیتی

بەســەر چــوو عــومری شــیرینم لــە خــۆڕا
لەســـەر تـــۆ بـــوو ژیـــانم پـــاکی دۆڕا
لـــە دووڕا مـــن گرفتـــارم ئـــەزیزم
لـــەڕاڕا یـــان! وزەی مێشـــکم کـــە چـــۆڕا

٩٠/٧/١٤

دەکـەم پرسـێ؟! لـەتۆ ئـەی خـوایی دانـا
لـــە بـــۆ ژینـــێ! ژیـــانم گشـــتی دانـــا
کـە بسـتێ خـاک نـەبێ تێیـدا بـژیم مـن!
دەسـا کـورەی زەویـت بـۆچی بـوو دانـا؟

٩٠/٧/١٥

کیژی ئەهورایی

ئەی کیژۆڵەی نەرم و نیان
دڵ پڕ ئەوین و دڵۆڤان

چاوی سەوزت پڕ ئیلهامە
هەتوانی ناسۆر و زامە

خەندەت لەرەی مانگ و کانی
بزوێنەری گشت دڵانی

لەنجەی ئارام و لەسەر خۆ
خودای شێعرم دێنێتە گۆ

شیرین ڕاوێژ وەکوو گەزۆ
دڵی شەیدا دێنیتە سۆ

ڕوومەت ناسک وەک هەڵاڵە
زمانی پێنووس بۆت لاڵە

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

گـــەردن بـــەرزی وەكـــوو ئاســـك
لـــەش پـــەڕی قـــوو هێنـــدە ناســـك

پەلكەزێڕینـــــــــــــــــــەی ڕازاوە
ســـینەت بـــەفری بـــەر هـــەتاوە؟!

تـــۆ خەرمانـــەی شـــەوی تـــاری؟!
یـــاكوو گـــەزۆی دا دەبـــاری؟!

گزینـــگ و تیشـــكی دەم ئاســـۆی؟!
یـــا شـــەپۆلێكی لەســـەرخۆی؟!

خرمـــەی بـــاران خـــوڕەی كانیـــت؟!
یـــا ترووســـكەی ئەســـتێرانیت؟!

ئـــەتۆی مـــۆعجزەی خـــودایی
پـــــەریزادەی ئـــــــەهورایی

لـــە جوانیـــت دوورە، ئـــاوەزم
تـــۆی ئیلهـــام و خولیـــا و، حـــەزم

ڕەوتـــــی بوێرانـــــە و، جوانیـــــت
ســـــەلماندوویە كوردســـــتانیت

سەقز ٨٩/٨/٢٣

evinebook.blogfa.com

چەتری ئەوین

بــە ئــەو کســپەی هــەناومی کــردە بــۆ ســۆ
لــــە هزرمــــدا جــــەهانێکم دەکــــا ســــۆ

کــە کــادۆژەی دەکــەی تاشــام بــە بــرژۆڵ
بــە بــێ ئاشــۆ دەدەم پــوورەی ڕەزی تــۆ

لــــە هێڤــــاری شــــەوارە و شــــۆرەکاتا
مــنم مــاوم بــەبێ پــاژۆخ، مــەکــۆ و کــۆ

لــە تــەیرۆکی وەفــای ســەردت وەڕەز بــووم
لــە ژێــــر چــــەتری ئەوینێکــــدا دەســــاژۆ

هــەتا کــەنگێ لــە دەس تــۆ مــن بنــاڵم
لــــە جــــەوری تۆیــــە داشــــۆڕا پژوپــــۆ

هــــەڵۆیێکم لــــە کــــاوان و زنــــارێ
کــە ڕۆژێکــی لــە ســینەت هــەر دەبــم ڕۆ

ئەلنـــدێکی کـــە هـــەڵنایێی لـــە لایێـــی
نییـــە کـــەڵکی هەتاکـــەی شـــیوەن و ڕۆ

لـــە ناخـــدا وا ورەی نـــوێ دی دەچێـــنم
دەبـــێ بشـــکێ ڕکـــە و شـــووڵ و قـــەڵاچۆ

وەکـــو تـــۆوێ بـــەجێ مـــابێ لـــە کۆتـــەڵ
لـــە تـــاتێلی چـــڕە دووکەڵتـــە «پشـــکۆ»

۸۸/۱۲/۷ ـ سەقز

گوڵی هەرەس

که تیشکی خۆر

پڕشنگی دا

له ژێر

هەوری ئازارەوە

بزەی لێوی گوڵێکم دی

له هەرەسی زنارەوە

٨٩/١/٩

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

گۆڕستانی ئاوات

دەڵێم شێعرێ بڵێم بۆ تۆ
بەتینتر لە تیشکی هەتاو

وەک پەڕی گوڵ گەش و ناسک
بە کوڵتر لە هەنسک هەناو
نانا شێعر دەڵێم بۆ خۆم
بۆ دڵە پڕ لەژانەکەم
بۆ هەستی خنکێندراوم
بۆ گشت شێعرە بێ لانەکەم
بۆ ئەشقی بە دیل کراوم
بۆ ڕازە پڕ نیهانەکەم
بۆ تەمەنی بە باداچوو
بۆ ئەوینە بێ ژوانەکەم

evinebook.blogfa.com

بۆ هەموو ئەو ئاواتانەی
لە ناو سینەمدا نێژران
بۆ هەر کەسێ وەک منی کورد
کە فرمێسک و شێعریان بران

۸۴/۲/۱

لامەكان[1]

باخی هەستم بێ چرۆیە و ئێوە هەنگی باوەڕن
تا وڵات بێ دەنگ و هەستن، هەستن هەستن واوەرن

شانە هەنگوینی خەیاڵم هەر بەتۆ پڕ بۆتەوە
گوڵچنی چینی هەژارم ، گوڵ مەهێڵن داوەڕن

ئەو برووسکەت پڕ لە گڕ بوو چوو بەناو ڕۆح و دڵا
پڕ بروسکە و دەرد و ژانم دۆست و یاران داوەرن

هەر لە زەردەشت تاکو ئێستا قەت پشوویێکم نەدا
وەک ئیلاهی لامەکانم! هەر ئیلاهم داوەرن

مەینەتی هۆزم لەمێژە، وەک چزوو هەڵچۆتە گیان
بۆ نەمانی برک و ئێشم هەرکلی سوور سەروەرن

سووربوون چاوی هومێدم هەر وەکوو «پشکۆ»ی دڵم
بۆ نیشانەی سووری بڕوام، لێوی یارم پێوەرن

شوانان ۹۰/۴/۲۸

۱ـ لە وەرزنامەی (ئەدەب) ـ ژمارە ۳و۲چاپ بووە.

(....)

له ڕاپەڕینی هەر شێعرێ
هەزار خۆزگەم کفن کراوە
له هەر کفنێکی کراوە
هەزار خۆزگەی شێعر ڕادەپەڕێ

لەم ڕاپەڕین و کفنەدا
هەر منم شەهیدی بێ کفن
منم بێ کفن لەم هەردەڕاو
شەهیدی ڕاپەرین

٨٧/٢/٦

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

من له شەو بێزارم و تیشکی بەیانانم دەوێ
سینە پڕ زوخاوو دەردم تۆزێ هەتوانم دەوێ
بۆ بزەی نایێتە سەر لێو خۆری دڵ گەرمی بەیان
شەو لەشی کردووم شەکەت تاوێ پشوودانم دەوێ[1]

«ئەمین گەردیگلانی»

من له تاریکی وەڕەزم و مانگ و ئاسمانم دەوێ
بۆ دڵی زامار و پڕ سۆم مەرهەمی ژانم دەوێ
تا بزەی لێوی نەبینم کازیوەم کاتی بەیان
قەت هەدا نادەم هەتا هەم چۆن پشوودانم! دەوێ

٨٦/٥/١٩

١ـ ئەم شێعرە لە ڕۆژژمێرا چاوم پیکەوت زۆرکاری لەسەرهەستم کرد. منیش بەم شێعرە بەرەو پیری چووم کەبوو بەهۆی ناساندنی من و کاک ئەمین و دنیام بە تەواوی ئاڵ و گۆڕ بوو.

evinebook.blogfa.com

نرکەی ڕزگاری

نرکەی ڕزگاری
بست بە بستی بە بستووی
ڕق و قین هەڵچندراوە
پۆیلانەی کەو خوێن
پشکۆژی سووری هەرمان
لە سوێی ئاسمان
سۆی سیلەی چاومان
لێ دەقرتێنن
ئێستاش تێناگەن؟!

پووشپەڕی ٨٩

وان

هـــەواڵی هەرد هەژێنـــی پـــڕ خـــەمی "وان"
هەڵەبجـــەی ســـووری دڵمـــی کـــردە گریـــان

چ ســـرڕێکن لـــە نـــاو جـــەرگی بـــڕاوم
بـــڕاون وا، بـــە بـــەژنی مـــن، خـــەم و ژان

لـــە کـــاوان و زنـــار و شـــاخ و بـــەردان
گزنگـــی دا نیگـــای پـــڕ ســـۆزی لاوان

مـــەبن جـــاڕز بـــە خـــوێن دێـــرا وڵاتـــم
کـــەمین دەگـــرن لـــە گۆڕێـــدا دژی وان

شـــنەی شـــێبا چپانـــدی بـــووکی ئـــاوات
لـە نێـو خاکـا دەکـا غوسـڵێ لـە جێـی وان

جلـەی مەینـەت کـەوا ئـاڵا لـە بـاڵات
وەکـــوو ئـــاڵا مچۆڕکـــەم هـــات لـــە تـــاوان

ئـــەڵێ «پشـــکۆ» لـــە مێحرابـــی ئـــەتۆ دا
بـــە دادمـــان گـــەی ببـــووری ســـووچ و تـــاوان

بریســـــکەی ئەشـــقی تـــۆ دنیـــایی تـــەنیوە
«نـــەنۆر» و «هەنگـــەژاڵ» و «بانـــە» تـــا «وان»[1]

٩٠/١٠/٨ ـ نەنۆر **٣**ی شەو

١ـ بەبۆنەی هەرد هەژێنی وانەوە نوسراوە.

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

بولبـــولی بـــاڵ شـــکاوی وەختـــی گـــوڵم
هەر شـــەپۆلان دەدا دڵـــی لـــە کـــوڵم

«هێمن»

ورێنە

بولبـــولی شـــەیدای کـــاتی بـــەهارم
شـــەتاوی تاڤگـــەی بـــەفری نســـارم

کـــوردی سەرخۆشـــی ڕۆژی نـــەورۆزم
لرفـــە و پرۆســـکەی گـــڕی پرســـۆزم

کـــەوی بـــە قاســـپەی دەم کۆســـارانم
گـــوڵی بـــۆ دیـــاری دەســـتی یـــارانم

مـــۆمی گیرســـاوی نێوشـــەوی یـــەڵدام
ئـــۆخژنی ســـینەی پڕخۆزگـــە و شـــەیدام

کـــونجی جێژوانـــی پـــڕ چرپـــە و هەســـتم
ســـێبەری یـــاری دڵ گەشـــی مەســـتم

evinebook.blogfa.com

دەستی گوشراوی کیژی دۆی شاییم هەستی
بە سۆزی لاوی سەوداییم

گڵکۆی مێژینەی ناوداری هۆزم
گەرووی مام قالە وهاواری هۆزم

حەز و گڕکانی دڵێکی تەڕم
شەمی نێو کۆڕ و داری ئەڕئەڕم

کونی ژێر پەنجەی زەردی شمشاڵم
بزەی سەر لێوی پاش دەردی تاڵم

مۆژدەی کازیوەی بەیان و ئاسۆم
دڵی پڕ بریای بێ هەدای پڕ سۆم

باڵی ڕەنگین و چاوی پەروانەم
شووشەی سەر لێوی جوانی مەیخانەم

تاکە ئەستێرەم لە ئامێزی مانگ
تریفە و شنەم بۆ کوڵم و لاجانگ

شریخەی ماچی سەرکوڵمی گەشم
نمە بارانی پاش هەوری ڕەشم

گزینگـــی تیشـــکی کـــاتی بـــەیانم
شـــەپۆلی هەســـتی شـــێعرێکی جـــوانم

چۆنـت پـێ بڵـێم کـە مـن کـێم و چـیم؟!
بــە تــۆزی خــۆڵی ژێــر پێــی هــێمن نــیم[1]

١. لە گۆڤاری «ژینۆ»ی هەمەدان ژمارە ٥ چاپ بووە

یادی هێمن

لـــــەم پڕووشـــــەی پێتەڵووکـــــە و بـــــادەوە
هێمنـــــــا جـــــــارێکی دی وا بـــــــادەوە
کیژی هەڵبەست سەر بەهەشـن و مـل بـەکوێن
ڕوو لـــە کـــەس ناکـــەن بـــە جـامی بـادەوە
نـابینی چارشـێو لـە سـەر نەشمیلی کـورد
شـێعر و پەخشـان وان بـەدەم کـەل بـادەوە
چـاو کـراوەی فێـرە زانسـت زۆر بـوو ون
گـوڵ بـدەن لـێ... بـەو مـەمی پـڕ بـادەوە
وان لـــە ســـەر دونـــد و ترۆپکـــی ئـــارەزوو
ئـــەو کەســـەی ویژدانـــی دا دەم بـــادەوە
هەســـتە ســـا بـــۆ بەرهەڵســـت و بـــەرگـــران
ســووڕی دەوران ئـەم چـەلـەش دەی بـادەوە
شـــاعیری جـــوانی پەرەســـتی دڵ بـــە ســـۆ
ســـۆزی جـــەرگت ســـۆزی هانـــا و بـــادەوە
وا لـە سـەرتۆن دڵ کـە سـەرتۆی پـڕ لـە تـۆن
تـــا دڵـــم تۆتۆیـــە بـــۆ تـــۆ، بـــادەوە
چاوگی هەڵوژان سەدی کێلێ ٩٠/٥/٢٢

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

تیشکی ئەوین

بەقەد بەرزایی

ورەی دیل

تا داچوونی تیشکی ئەوین

تاکوو قیامەتی قەندیل

تا دوا پشووی شێعر و چرۆ

خۆشەویستی

بۆ من ئەتۆ

٩٠/١١/٥

evinebook.blogfa.com

داکە باران!

داکە باران!
شەختە و چلوورە بتارێنە لە تاڤگە
ڕەنگە لێشاوێک بەس بێ
بۆ ژیانەوەی دەماری زوقم بردووی
ئەم دەڤەرە!

مەهین کۆهزادی
«تاڤگە»

شەپۆلی تاڤگە

لەم دەڤەری پڕ سیخوار و سیخوڕ و
زوقم و نوقمی تاریکییە
ژیلەمۆی خولیای
داگرساو
لەدەم نەرمەشەپۆلی تاڤگە...
بۆ سەرهەڵدانی گزنگی لێو
تاوێ هەداناد‌ەن و
دەبریسکێنەوە
تا سووکە ماچی هەتاو..!

خوناوکەی ئەوین

لــە بــازاڕی ئــەدەب دا مــن نــەما عــەقڵم ئــەوا شــێتم
دەکــەم دونیــام بــە قوربانــت ئەگــەر شــێت و ئەگــەر پێــتم

دەبــا دەرچــێ لــە نــاو دەســتا بــە جــاریّ ڕۆحــی شــیرینم
ئەگــەر شــیرینی، فــەرهادم، ئەگــەر نــا! خــاکی بــەرپێتم

ئــەمن مەســتی ئــەوینێکم بــە پــاکی لێزمــە بارانــە
ئەوینــداری بــزەی چــاو و قــەدی ئــەلف و ڕەز و بــێتم

بــە ڕەشــخاڵت دەکــەم پێشــکەش بوخــارا و ئەربــەبایێ سـۆز
زەکــاتی بــاغی سـێو دەرکــە! گــەداییکم لــە ســەر ڕێــتم

لــە چــاوانی ڕەشــی قــەتران ئــەوین! ئەســرین دەبــارێنێ
دەدەم ڕۆحــم لــە شــیرینی ... دەزانــی خــۆ ئــەمن کێــتم

چ بریــا و داد و ڕۆییێکــە لــە بریــای بێســتوونم دا
هــەتا ڕۆژی حەشــر گیانــە پــەرەنگی گــوارەکــەی گــوێتم

کــە پەنجــەی شووشــی ئەشــقت ڕۆحــی گیتــارم دەبزوێنــێ
ئــەوین و نیشــتمانی مــن گــڕ و «پشــکۆ»ی دڵــی ســوێتم

۹۰/۱۱/۲۷

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

گوڵوکی حەز

کەژاڵــــە ئاســــکە ناســــکەکەم دەبێــــرەوە
کــە چــاوە چــاوی تۆمــە مــن لــە پێــرەوە

بــە لەچکــە تەســکە کەســکەکەت نیگایــەکم
لـــە باســـکەکەی زنـــاری ژیـــن بـــدێرەوە

کــە باســکە نــەرم و نۆڵەکــەت پــەڕی گــوڵن
پــەری بەهەشــت بــە شــەونمم مــەدێرەوە

گوڵـــووکی دا چـــرۆی حـــەزت بـــە نـــازەوە
هـــەنارە گـــوڵ خونـــاو بـــە ســـەر کـــەنێرەوە

گـــەزیزە زیـــزە شـــازەکەم، ئەزیزەکـــەم
گـــوڵی ســـەقز بـــە تاســـەتم لـــە دێـــرەوە

مـــنم کـــە بـــانگی ئـــەی ڕەقیبـــی تـــۆ ئـــەڵێم
وەکـــوو بـــیلال بـــە ئاشـــکرایی لێـــرەوە

evinebook.blogfa.com

بـە ئەسـری چـاوی ژیلـی دڵ کـە چسـک ئـەدا
ئەوینەکــەت پرینــگ دەخــەن لــە ژێــرەوە

کەنیشــکە شـیکە ژیرەکـەی هومێـدی ژیـن
گــوڵی شــلێر شــەتاوی تیشــکی بێــرەوە

٩٠/١١/٣

ئاگر و گوڵ

وا هەناسەی نەرمی نەورۆز دەم دەنێ بە گوێمەوە
نامرم، مێژووم، هەتا هەم وەک بەهار دەژییمەوە

با ببارێ بەفری مەینەت لەو دڵەی قەندیلی من
من بەبای وەعدەی ئەوینە! بەفری خەم دەچوێمەوە

ڕنووە شاخان تێک شکاون، بوو بە قرمەی کانیاو
من لە سەر خوێنی شەهیدان، سوورگوڵم دەڕوێمەوە

خوێن دەگریێ چاوەکانم هەر وەکوو هەوری بەهار
تابەکەی بۆ دان و لانە، لان بە لان سووڕێمەوە

میهرەگان یاکوو سروشتن جەژنی کاوەی کۆڵنەدەر
باوشێ سۆزا! بۆ ڕەواندز ئاگر و گوڵ! دێمەوە

کێــوی جــوودی و ئــاگری! چــۆن کەشــتی زامــم ڕاگــرێ
بــوت شــکێنی نێــو گوڵســتان! نەینــەوا کــەی بێمــەوە!

ئــاگری نــەورۆزی ســوورتان! بــێ بــە چــەپکێ تیشــک و گــوڵ
بــۆ ئــەوین و دەســتی ئێــوە! نــۆ گوڵێــک بڕوێمــەوە

جەژنــە پیــرۆزەی دەنووســم وا بــە چۆڕاوگــەی دڵــم
تــاکوو ئــەم نەورۆزەکــەی تــر چــاوەڕێ، دەتوێمــەوە

۹۰ /۱۲/۲۰

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

غەزڵێکی چەند قۆڵی

چرۆستان

ئێمـــه کـــەژوانی ژیـــانین هــەڵگری ئـــاڵای ئـــەوین
تیشـــکی تیرێـــژی بـــەیان و بـــاڵی زێڕینـــی ئـــەوین
کـــۆتری دڵـــداری ئاشـــتی بـــانگی بیلالـــی گـــەلین
پـــڕ لـــە شـــیلەی خۆشەویســـتی هـــەیڤی ڕوونـــاکی شـــەوین

(ئەلف.ی ـ پشکۆ)

چلچەمـــەی عەشـــقە دەمـــاری ئێمـــە دڵ ســـەر چـــاوەکـــەی
بـــەرزە ســـەرمان دونـــدی ئـــاواتێکی بـــەرزین نانـــەوین
ئێمـــە خەرمانـــەین لـــە دەوری مـــانگی هیـــوای نیشـــتمان
تـــا زەوی پـــاراو نـــەکا بـــارانی شـــادی نـــارەوین

(ئەمین گەردیگلانی)

ڕەو ڕەوەی کۆرپـــەی حـــەزم بـــوو نـــاوی بـــەرزی نیشـــتمان
ڕۆنـــدکن ڕووبـــاری شادیم،شـــۆڕەبیـــی بـــەژنم نـــەوین
کـــەی پەڵـــەی شـــادی دەبینـــم لـــەم وڵاتـــە قـــاقرە؟
بـــۆ شـــکۆفەی ئـــەو هەناســـەت تاســـەبـــاران و زەویـــن

(ئەلف.ی ـ پشکۆ)

evinebook.blogfa.com

تـــا لـــە یـــەکتـــر هەڵنـــەپێکن پەنجـــەیان چـــۆم و چیـــا
قـــەد لـــە ڕژدی پـــڕ گـــەوە و هـــەورازی شـــەو ســـەرناکەوین
ئێمـــــە ڕۆڵـــــەی خـــــۆر و گڕکـــــانین و تـــــاریکی بـــــەزێن
ئەســـپی ژێـــر پێمـــان بروســـکەن، فێـــری تەقڵـــە و هەوهـــەوین

(ئەمین گەردیگلانی)

بەرهەڵســـــتی ئاسنیشـــــمان گـــــەر لـــــە ســـــەر ڕێ دابنـــــێین
ڕاســـت بـــەرەو بـــەرزی دەپێـــوین، ڕیگـــە هـــەرگیز نانـــەوین
لـــەم شـــەوەی ئەنگوســـتە چـــاوە چـــاوەڕێـــی شـــۆعلەی نیگـــام
ڕۆژی ڕوت دەرخـــە لـــە مێـــژە چـــاوەڕێـــی یـــەک پرتـــەوین
تـــا بـــزەی لێـــوی چیـــا مـــابێ کەســـەر مانـــای نییـــە
بـــۆ بـــەیانی دەردی دڵ شمشـــاڵی شووشـــی مەولـــەوین
خۆشـــە وەک زیـــرەک لـــەپـــاش مـــەرگیش بـــەگـــوێی دونیـــا بڵێـــی
زینـــدوو مـــاوین نـــامرین و ئێســـتەکانـــەش هـــەر هـــەوین

(ئاسۆ)

ئێمـــــە گیـــــری وشـــــکە ســـــاڵین نـــــوێژە بارانـــــەی دەکـــــەین
بـــۆ چرۆیـــــێ، بـــۆ بـــەهـــاریێ، تـــا نـــەیێ داناکـــەوین
وەک هـــەڵۆی ســـەربەرزی شـــاخین بۆقـــەلـــی ڕووڕەش ئـــەچین
بـــۆ دڵـــی دیلـــی شـــەواریش ئێمـــە چەشـــنی برنـــەوین

(م.ئەلف.یادگار)

ئاربەبا و بابۆس نشێن و شان بە شانی شاخ ئەژین
گەردەنە و سەرتوون و دوند و لووتکەمان گشت بۆکەوین
دڵ بە وەی پاراو ئەکەین و مێشکی پێ زاخاو ئەدەین
سەر لە پێناوی پلووسکی پڕ حەزی پڕ لوزەوین
خۆشەویستی بێ سەرنجام نابێ تا پێتەختی حەز
هەر بە تێشووی ئەو بەڕێوەین ئێمە تاک و ڕێڕەوین
ئێمە نازاوی ئەوین و گەرمی ئامێزی ئەوین
هەربەیەک قوم ڕێگە دەگرین گەرچی فێری ڕێژەوین

(سۆران حسەینی)

ئێمە کانگای بەرخودانین تووڕ ئەدەین شەوگاری تار
کێ لە بۆ کازیوە ئەمرێ بێگومانین سەر بەوین
پەنجەکانمان بۆ شکانی یەکتری نایاتە گۆ
واین لە سەر ڕێگەی نەیاران ئاسنین کوتکین، چەوین

(شەماڵ)

گشت ئەویندارانی ڕێگە بێ وچان و بێ پشوون
چاکە یەک دڵ بین لە ژینا با لە یەک دورۆ نەوین

(ئاکام)

بیرە چەوتیش تێک ئەدەین خۆ گەر لەخۆ بێ یا لە دژ
بەرخی ئازادی بەڕێوەن پڕ لە ژانی دەم زەوین

تــــاکو کـــەنگێ کـــۆتری ئـــاوەز چینـــەی ڕۆحمـــان نـــەکـــا
تـــا ســـنوور و ســـینگی ئـــاوات ڕێکـــەوین بـــا نەســـرەوین
(شەماڵ)
بـــۆ بـــزەی کوێســـتانی حـــەز لەنجـــەی خـــەیاڵی ســـرک و ســـڵ
ڕیتمـــی هـــەنگاوی شـــەتاو و نـــۆتی مۆســـیقای کـــەوین
تـــا هەناســـە دێتـــە بژوێنـــی هـــەواری خۆزگـــەمان
شـــەو دەکەینـــە خـــەڵوەتی گیـــان و لـــە گـــەڵ گـــوڵ ناســـرەوین
پـــێ دزە وەرزی نیگـــای خێڵـــی خـــەم و ژان تـــەی بکـــەین
ســـەر بکێڵـــین و لـــە چـــاوی نیشـــتمانا وەرکـــەوین
داری بێـــداری وەبـــەر بێـــت و بزاڤـــی دێتـــە ڕێ
حـــەز ببێتـــە ماڵپـــەڕێـــک و پێکـــەوە تێیـــدا خـــەوین
(کامیل شەریف پوور)
تـــاکو دونـــدی ســـەر بـــە خـــۆیی نـــاگرێ ئـــارام دڵێـــک
هـــەر وەکـــوو ئـــەنگوســـت و مســـتین بـــۆ دروشـــمێک کـــوڕەوین
داری ئـــازادی وەبـــەر بـــێ ســـێبەری ئـــەو دیـــو کـــەوێ
بـــۆ گەشـــەی ناســـک نـــەمامان تـــێ دەکۆشـــین بـــێ خـــەوین
تیشـــکی ڕوونـــی ڕێ نیشـــاندەر بـــا گزنگـــێ شـــک نەبـــەین
چرکەیـــەک دەربەســـتی خـــۆرنین بـــێ هـــەدادان شـــەوڕەوین
ئێمـــە ڕۆڵـــەی بـــێ بـــەڵێن نـــین یـــاری ڕۆژی ئەســـتەمین
چـــەک لـــە شـــانین بـــۆ نـــەیاران بـــۆ شـــرینیان خوســـرەوین
(تاڤگە)

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

بسـكی ئـازادی بـه پەنجـەی نـەرمی تیشـک شـانەکـەن
تـا لـه ژێـر چارشـێوی هـەورا خـۆری گـەش بـین دەرکـەوین
بـا بـه پەنجـەی نـووکی پێنـووس! بـۆ ژیـان هـەنگاو بنێـین
لـەو سـنوور و درک و داڵـە تـا بـه کـەنگێ هەڵکـەوین
(ئەلف.ی ـ پشکۆ)

ناکـەوین! هەرچەنـدە ڕژدە،ڕووگـە ڕێگـەی ئـارەزوو
نانـەوین! گـەرچی بـه زریـانی دڕی خـەم سـەرنەوین!
(ک.د ئازاد)

یوسـفی مسـرین بـه زێـد و نیشـتمانی خـۆ ئـەمین
نـادڕین داوێنـی هـیچ کـەس ئێمـە ئـەو نـین؟ و ئـەمین!
(ئەلف.ی ـ پشکۆ)

نیشـتمان! تـۆ دڵنیـا بـه سـەر لـه پێنـاوت دەنێـین
بـووکی ئـازادی بزانـێ، شـۆڕەلاوی سـەردەمین!
هێـزی ڕەش هێـزی نـەیاران زۆر و بـۆرن، بـێ گومـان
ئێمـە ڕۆڵـەی نـوێی خـەباتین ناسـرەوین گـەرچی کـەمین!
(ک.د.ئازاد)

زێـرە خـاکم ! کـانی هیـوا، سـەر لـه ڕێتـا گۆیـه گـۆ
بـێ سـەرین بـۆ بسـتی خاکـت،بۆ ژووان دینـه کـەمین
کۆڕپـەمان بـۆ سـەربڕین و شێعرەکەشـمان ڕەجمـی ڕێ
گـەر لـه جـەغزی ئـاگریش بـین وەک بـراییم بـێ خـەمین

(یادگار)

evinebook.blogfa.com

دڵنیـــــابن هــــۆزی ئـــــەغیار، دەس لـــــەپیلان هــــەڵگرن
ئێمــــە ئاســـۆی نیشـــتمانین بـــۆ چیـــای خـــۆ، کـــەی تـــەمین
گـــەر بـــە تێخـــی تیروتانـــەش ســـەر کەنـــە جـــەرگی وڵات
بـــۆ برینـــی نیشـــتمانم، ئێمـــە خـــوێ نـــین، مەرهـــەمین
داری ئـــــــازادی وڵاتـــــــم، وا نـــــــەزانن تینـــــــووە
دوێکــە بــەفری ســەرچیا بــووین، ئێســتە کانێــاوو چــەمین
بـــۆ بـــزەی ســـەر لێـــوی دایکـــی نیشـــتمانی خۆشەویســـت
ئێمـــە دەســـتەی نووســـەرانێش، تـــین و تـــاوی ڕۆســـتەمین
هـــەوری ڕەش بـــێ‌شـــک ئـــەتارێ، مـــانگی زێـــوین دێتـــەدەر
تـــاکوو لووتکـــە ڕێ دەپێـــوین دڵنیـــا و خاترجـــەمین

داری بـــەرمان، ڕۆژی شـــەختە و تـــەرزەلووکـــە ڕاو ئـــەنێ
بۆیـــە ئـــەم هـــەورازە دەبـــڕین، ڕوو لـــەکانگـــای بـــەرهـــەمـــین
(عەتا ساڵح پوور)

چونکـــە دایکـــی نیشـــتمان لـــە بێشـــکەکەت ڕاهـــاتوون
بـــۆ بڵێســـەت دەســـتە چیلـــە و بـــۆ شـــەوی تـــارت شـــەمین
تـــۆ بەهەشـــتی خەونـــەکانی جەوهـــەری خامـــەی خـــەیاڵ
لـــەو چیـــات دەڕوێ گـــەزیزەی وەک هـــەزار و خاڵـــەمین
(ئازاد سەیدئیبراهیمی)
٩٠/١١/٨

پۆیلانە

سەعید نەجاری «ئاسۆ»، ئەمین گەردیگلانی،
ئەحمەد یاسینی «ئەلف.ی پشکۆ» میلاد ئەمانوڵڵاهی «یادگار»

شـــەوە زەنگـــی قـــژت ڕوحمـــی نـــەماوە
حـــەز و هەســـتم لـــە نێـــو بەنـــدی چـــەقاوە
بەلۆکـــەی بســـکی خـــاوی تـــۆ گـــوڵی خـــۆم
پـــــەتی ســـــێدارەکەم بـــــۆ هـــــەڵخراوە

(یادگار)

پـــەتی ســـێدارە دەنـــوێنن بـــە زووڵفـــت
کـــە ئاڵایـــە! قـــژت تاڤگـــە و هـــەتاوە
وەکـــوو ئارشـــی ویۆڵۆنـــە! کـــەزی تـــۆ
چریکـــەی دێ دڵـــم بـــەو تاڵـــە خـــاوە

(ئەلف.ی ـ پشکۆ)

بـــه ئەســـرینی چـــەمی کاڵـــت کـــەژاڵم
هـــەموو زامـــی دڵـــم ئـــەم شـــەو کـــولاوە
کـــە جارجـــاریش پەپوولـــەی چـــاوت ئـــەفڕێ
شـــەمێکم مـــن کـــە مـــۆمی لـــێ بـــڕاوە
(یادگار)

فریـــــوی دام پەپوولـــــەی چاوەکانـــــت
ئـــــەوا بـــــاڵی فڕینیشـــــم شـــــکاوە
بـــــەخوناوو بریقـــــەی کـــــوڵمی ســـــێوت!
قـــەپاڵ! دەگـــری لـــە هەســـتم بـــەو دوو چـــاوە!!
(ئەلف.ی ـ پشکۆ)

چ ڕەمزێکـــــە لـــــە نێـــــو چـــــاوانی شـــــینتا
کـــــە یـــــەک زەریـــــا ئـــــەوینی تێکـــــراوە
بڵـــێ بـــەو چـــاوە بـــازەی پـــڕ لـــە نـــازت
نیگـــای بـــۆ گـــەرمی جـــارانی نـــەماوە؟
(ئاسۆ)

هەناســـەم چەشـــنی تـــەم ئـــاڵای خەمانـــە
بەســـــەر دونـــــدی چیـــــای داخ و جـــــەفاوە
کـــــە ڕووی ئاوێنـــــەتم دی تێکەییشـــــتم
دڵـــی ڕوونـــاک و ســـڕبووم چـــەن شـــکاوە

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

لــه بــەر چــاوم بــووە خەشخاشــکی نیســان
کــەدیم کولّمــەت بەســەد نــاز و حــەیاوە

(ئەمین گەردیگلانی)

گــولێکم کــردە پۆیلانــەت دلّــی مــن
ســەری داخســت بــە ڕووزەردی گــەڕاوە!؟

(ئەلف.ی ـ پشکۆ)

دلّــم هێنــاوە بیهاوێمــە بــەر پێــت
بــەبارێ ئەشــقی بــێ ڕەنــگ و ڕیــاوە
نیگــات دەبــڕێ ســەری شــەوگاری تــارم
بــڕۆت ئاســۆیە چــاوت خۆرەتــاوە
دلّــم تــۆقی لــە دووریــت و نــەهاتی
لــە تــاوت تــاکوو کــەی بیکــەم وڕاوە؟

(ئەمین گەردیگلانی)

بــە ئەشــقت بانــە بۆکــان و ســەقز وا
لــە نێــو دوونیــای غەزەلّــدا بــۆت دواوە
لــە پەنجــەی ســوور و ناســک یادگــاری
ولاّمــم زللــەیێــکی پــێ دراوە

(یادگار)

evinebook.blogfa.com

(ئـەمین) و (ئەحمـەد) و (ئاسـۆش) لەمـەدحت
غـــەزەڵیان خوێنـــد و هێشـــتا ناتـــەواوە
بـــە كـــێ بێـــژم گـــوڵم بـــەو ڕادە پـــاكی
هــــەناوی «یادگـــــار»ت بـــــۆ بــــڕاوە!

(ئاسۆ)

٩٠/١١/٨

هەناسە

بــە گۆشــەی چــاوی بــادامی! کەشــێ لــەم چــاوە بڕوانــە
دڵــم کانگــای ئەوینــە و ســۆز، ئەوینــداری وەفــا و مانــە

بە گۆشەی لەچکەکەی کەسکت دەبێ شووشـەی دڵـم بسـڕە
تــەپ و تــۆزی خــەفەتباری کــە بــاری ســەر، ســەر و شــانە!

لــە ئاوێنــەی بــزەی ڕووتــا دەبیــنم! ئایــەتی یــەزدان
کەزی هەستم کە تــاڵ تاڵــە، بــە پەنجــەی تــۆی دەکــەم شــانە

بەهەنگی چاو! مژیت شیلەی هەڵاڵـەی! ئـەو دڵـەی سـوورم
چ شــیرینە شــەکەر لێــوم کــە مــن هــەنگ بــم ئــەتۆ شــانە!

بــە چــاوی ڕاکشــاوی خــۆت! بــەڵێن بــێ مــن هــەتاکوو هــەم
هەناســە و هەســت و تاســەت بــم منــی بــێ مــاڵ و کاشــانە

لــە پێتــەختی حــەز و ئەشــقا، چ کۆشــکی شــاهی ڕازاوە!
بــە بارشــت و کــزەی «پشــکۆ» بزانــێ گــەر، کــەلی خانــە!

نەبوو بڕیـار چـەکی پێنـووس هـەوێنی ئەشـق و مەشـقم بـێ
بــەڵام ئــەمڕۆ قەڵــەم دیلــی بــەژن شــۆڕ و گــوڵی جوانــە!

٩١/٣/ ٢

خەمی نان

ئەی ئەو کەسەی
بۆ کڕینی نانی سبەی
وا ئەتفرۆشت
ژیانی ئەمڕۆکە و دوێنێ!
ئێستا لەکوێی!؟
تا ببینی
ژینی فرۆشراوی سبەی!
خەمی نانی ئەمڕۆی
هۆنیا[١] قژکاڵ دەرناهێنێ...!!

٩١/٣/٣

١ـ هۆنیا : کچی شاعێرە

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

هەڵەبجە

جێژوان و ڕێژوانمان پڕ بوون

لە بۆنی سێوی کاڵ!؟

بووکە شووشەی پڕ لە نەفرەت!

بارێزەی کرد

هەزاران گوڵی گۆنا ئاڵ!!

evinebook.blogfa.com

بناری حەز

لــە نێــو دنیــای ئەوینتــدا ئــەوا مەســتم بــە بــێ بــادە
وەرەو بـەو پەنجـە شووشـانەت تـەمی شووشـەی دڵـم ڕادە

لـــە ئاربابـــای بنـــاری حـــەز وەتاوینـــە کلیلـــەی خـــەم
ئەتۆی تیشـکی بـەیانی گـەش، ئومێـد و سـۆزی بـێ ڕادە!

شـریخەی هـەور و بـارانی لـە سـەر مـەزرای دڵـی تینـوو
دەبــێ ســا کڕکــڕەی تاریــک لــە پــەنجێرەی دڵــت! لادە

بــەرەو بــاغی گــوڵی ئەشــقم وەرە ئــەی تاوســی شــۆخم
کــە نــازی جــوانی بــێ وادە، گــڕی بــەردا دڵــی جــادە!

چ ســادە ســێوە ســوورەی دڵ، ئــەتۆ لێتــدام بــە دەم ئــاوا
نەبوو بـڕوا، کـە لـەش کـۆخێ! دڵـی ڕەق بـێ بـە ئـەو ڕادە!

خەمی ئەشـق و ژیـان و ژان، خـەزانی گـوڵ نـەمان و مـان!
تنـــۆکی هـــەڵوەرینی ڕۆح، نیشـــانەی داد و بێـــدادە!

لەسـەر دونـدی خـەیاڵاتم هەناسـەی ئـەو تەمـە دیـارە!
کــە «پشــکۆ» نیشــتمانی لا، وەکــو پیرۆزتــرین یــادە

*غەزەڵ دەستی کـە ڕاناگـا بـە بـەژنی شـۆڕی پـڕ تـەرزی
ئــەمن زانــیم کچــی کــوردە نــەژاد و تۆرەمــەی مــادە

دەرونــی پــڕ کــوڵ و شــەیدام بــە ژانــی گەل گرفتــارە
بــە بارشــتی خــەمی هــۆزە، دڵــم ئەمڕۆکــە ناشــادە

بە خوێنـاوی گـەش و ئەسـرین ئـەوا دەسـتنوێژی ئەشـقم گـرت
لــە مێحرابــی ئەوینــداری بــە دڵ کرنــۆش و چــۆک دادە

٩١/٣/٢٣

مامۆستایانی بەرێز ک.د ئازاد و ئیبراهیم ئیسماعیل پوور (شەماڵ) گەورەییان کردبوو ئەم دوو تیشکەیان بۆ غەزەڵەکەم نارد بوو منیش لە گەڵ رێزم دا بەم سێ دێڕەی* خوارەوەی غەزەڵەکەم بەرەو پیریان چووم...

غەزەڵ دێت و غەزەڵ دەڕوا لە سەر سەفحەی دڵی شێتم
بە سۆزی گەرمی پشکۆیە، شەماڵێک مەست و دڵشادە
(شەماڵ)

نەبوو جارێ بڵێم ئۆخەی لە سەر ئەم خاکە پیرۆزە
ئەوەی خۆڵ و تەمێ تۆ دیت هەمووی هەر ئاهی(ئازاد)ە
(ک. د ئازاد)

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

فەرهەنگۆک[1]

ئاران: بنکەی ژیانی زستانی کۆچەران، گەرمەسێر، هەموو چوونە هەواران، ئێمە ماوین لە ئاران عەزیەت و ئێش

ئاران: شوێنی بەرین و بەر بڵاو، ساکە دەشت

ئارش: ئەو تاڵە سپییەی کە بەسەر دارێکی چێوینەوەیە وەک تاڵی موو باریکە، ویۆڵۆن وەدەنگ دێنێ کە قەدیم لە مووی کلکی ئەسپ کەڵکیان وەردەگرت

ئاژین: ئاو کردنە نێو زەوی لە چەندلاوە، دەڵێ ئاوەکەم لەو گەنمە ئاژین کردووە.

ئاست: ١ـ زەحمەت، چەتوون ٢ـ جێگا، شوێن، لەو ئاستە تووش بووم بەرانبەر، رووبەروو؛ لە ئاستت چاوم هەڵنایە.

ئاسۆ: ١ـ کەنارەی ئاسمان، قەراغی ئاسمان ٢ـ تارمایی، رەشایی لە دوور

ئاسۆگ: کەنارەی ئاسمان، ئاسۆ.

ئاشۆ: وچان، پشوودان، تۆزێک وێستان بۆ ئیستراحەت، کیم و زووخی برین، پەشێوی و ئاژاوە

ئاکار: خورەوشت، کردەوە، ئەخلاق

ئاوریشم: هەورێشم، ف: ابریشم

ئاڵەکۆک: جۆرێ ئەسپنگی تووکنە بنکێکی هەیە لە جۆزەردانـدا دەری

[1] ـ ئەو وشانەی لە هەنبانە بۆرینەو فەرهەنگی رێژگەدانین یا بەمانای زیاتر هاتوون بە (+) دەست نیشان کراون.

evinebook.blogfa.com

دێنن و دەیخۆن، کە وەک شنگ وایە. دیاری شوان ئاڵەکۆکە.
ئەسر: ئەسرین، فرمێسک، ڕۆندک، ئاوی لە خەمان لـە چـاو هەڵـدەوەرێ، ئەشک
ئەلند: کازیوە، سپیدە
ئەوین: ئەڤین، دڵداری
+ ئەهورا: وەسف نەکراو، لەباس نەهاتوو، خوای زەرتوشتیان
+ ئیلهام: ناوە، سەرۆ، گۆوار، دەنگەژە، بیر و هەستێک کە لە نادیـارەوە بـە دڵ دەگا.
ئۆخژن: ئۆقرە، ئارام، هەست بە خۆشی کردن
ئێسک: ئێستک، پێشە، هەستی.
بابلیسـک: گێژەڵووکـە، شـایی جنـدۆکان، گـەردەلوول، بـاهۆز، باگـەڕ، بـا پیلیک، گێژەڵە، گەردەبل، گـەژ گرینـگ، بـا گێـژە، زەمـەن، سـایلکۆن، بـا گرۆکە، گەرە پێچ، دێوڵکە، دێوە لۆوکە
باپووسکە: بابووسکە، سووتوو، کرێوەی بەفر بە باوە
بادەوە: کرێوە، بارینی بەفر بە باوە، بایەوانی گەمیە، کـۆلارەی لـە قاقـەزی منداڵان، بەرزە حەوایلە، وەگەڕێ: بادبادک، برگرد، کولاک بادبان کشتی
بارست: ئەستووری و بڵندی، حەجم، بارستی بەفر بستێک بووە
باڕێزە: باوێزە، باوەڕێن، ئەو میوەی کە با لـە داری وەرانـدووە، وردە بـارانی بە دەم باوە، گیایێکە لە کەرەوز ئەکا
باسک: ملەی کێو بستوو، لە جومگەی دەسـتەوە تـا هانیشـک، لە سـەری پەنجەوە تا شان، (مەلە باسکە) دارجگەرە،- مۆدنە، دەمنە، باڵی مەل.
برژاو: براشتی، بریان، برژانگ، برژانەوە: سۆزیانەوەی زام، وێستانی خوێن بە هۆی دەرمان
برووسکە: برووسک، تێلگراف، بەرقییە، بورقی، تـەلفراف، تـەزووی بـەژان، بریقە

بریسکە: برووسکە، درەوشانەوە، بریقە
بزر: ون، گوم، بەزە، وندا، ڕۆن کەتان
بزە: زەردەخەنە، زەق تواشا کردن، بزن
بزڕکاو: ڕەنگ پەڕین و تێک چوون
بژیو: مایەی ژیان، هەرچێ پیاو پێی دەژی؛ بژیک
بستوو: ملەی کێو، بستی ئاش، بستەی ئاسیاو
بوخارا: شارێکە لە کۆماری ئۆزبەکستانی سۆڤیەتی، پیری پیرانی بوخارا، بەهادین کوڕی موحەممەد کوڕی ئەحمەدی فاڕوقی کە بە شاهی نەقشبەندی ناو بانگی دەرکردووە، ئاماژە بەو شێعرەی حافز کە کێشەیەکی زۆری لە نێوان شاعیران وەک حافز و سائیب و شەهریار و شاعێرانی تر لە سەر ئەو تورکە شیرازیە ڕووی داوە:
اگر آن ترک شیرازی به دست آرد دل ما را
به خال هندوش بخشم سمرقند و بخارا را (حافز)
بوورە: زەوی بایەر، بەیار، دەفتەری شێعر و بیرەوەری
بووکە بارانە: بووک کۆتەڵێ کە مناڵ ئەیگرن بە ماڵانەوە و ئاوی پێدا دەکرێ و زۆرتر کاتی بێ بارانی ئەو کارە دەکەن بۆ ئەوەی باران بباری
بەرهەڵست: دوژمن، دژ؛ لەمپەڕ، کۆست، مانعی سەر ڕێ.
بەزە: بەزەیی، ڕوحم، دلۆڤانی، گوناح، هەڵە
+ بەفرەسوو: شوێنێکی نسار کە بەفرەکەی ناچێتەوە و پتەو ئەبێت و شوێنەکەی گیای لێ ناڕوێ، بەفرکوش
بەلەز: بە پەلە:

ئەی مانگە هەرچەند بە لەزی دەیزانم
لێم گەڕێ تاوێ تریش بڕوانم «هەژار».

بەیار: زەوی نەکێڵدراو، بوورە
بەڵێن: قەول، پەیمان، سۆز

بیلبیلە: ڕەشکێنە، گلێنەی چاو، بیبیلە
بڕست: بڕس، وزە هێز و توانا
بڕک: خاڵیگە، کەلەکە، دەرد و ژانی خاڵیگە
بڕوا: ئیجازە، ڕەوازانین، باوەڕ، ئیمان
بڵێسە: بڵێزە، گڕی ئاگر، گوڕی ئێگر، ئارتین
بۆران: تۆف، کرێوە و بادەوە
بۆسە : سیپە، ڕەبەت، کەمین، مردوو زیندە، قایشی جووت لە دار
بۆسۆ: بۆنی لۆکەی سووتاو، ئاورم تێ بەردە بۆسۆم لێ نایە. پەڕۆی تازە سووتاو لە سەر برینی تازە دەنێن خوێنەکەی دەبەستێ
پەچە: رووبەندی ژنان، پێژانی نان.
پاژۆخ: وەڵام
پرشنگ: تیرێژ، تیرۆژ، تیشکی تۆژ، تیشک، پریشگەی ئاگر، پزیسک
پرینگ: پزیسک
پرۆسکە: ئاورینگ، پریشکی ئاگر، پرۆسک؛ ف: شرارە
پژوپۆ: لق و پۆپ، ئەو لکانەی هەڵدەپەرتێو درێن
پشکۆ: بڵێسە، پەنگر، سکڵ، پۆلو
پشکۆژ: پژکۆژ، خونچە
پشوو: ١ـ هەناسە ٢ـ پشیلە ٣ـ ئیستراحەت، وچان
پوورە: شڵخەمێش هەنگوین
پەتەر: سووکە، لە: وشەی پاتران، ون بووی ٢ـ پەتەر بەلا، پەتا، موسیبەت
پەخشان: پەخش، بڵاو، ٢ـ نووسراوی بەرانبەری هۆنراوە، نەسر
پەرەنگ: لەرزانەی گوارە، پۆل، سکڵ، پشکۆ، نازناوی شاعێرە
پەری قوو :
پەژارە: خەم، کەسەر، کوڵ، تاسە، ئارەزووی دیدار، نیگەرانی
پەسیو: پەسیڤ، سووچ، قوژبن، کەلێن

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

پەشۆکاو: شێواو، سەر لێ شێواو
پەشێو: پەرێشان، بیر بڵاو، شێواو
پەلکەزێڕینە: کۆڵکە زێڕینە، هەسێرە زێڕینە، کەسکەسۆر، کێڕستون
پەیاپەی: بە دووی یەکدا، بێ پسانەوە ٢ـ گش، گشت
پەیڤ: قسە، وتە
پۆیلانە: دیاری بۆ تازە زاوا یا تازە بووک
پێتەڵووکە: باپوک، باپوسکە، بەفری ورد و سووک
پێتەڵووکەی زستانێ بە باوە هەڵوەدایە/سەهۆڵی دەرک و کۆڵان، کوڵۆڵی دەستی بایە «راوچی»
پێل: شەپۆلی ئاو، جۆر، تەرز، ماوەیەکی زۆر کەم، تاو
پێناو: خاتر، هۆ ٢ـ ڕێگە
+پێوەر: بەڵگە، کەسێ کە دەپێوێ، پۆی تەون، بەڵا و دەرد و زیان
پێڵوو: پەلکی چاو
تاپۆ: تارمایی، رەشایی لە دوورەوە، مووچە و مەزرای خەڵاتی و بێ باج، قەباڵەی موڵکایەتی کارگێڕی قەباڵەی موڵک نووسین
تاپۆ و بوومەلێڵ: تاریک و روون، نامەعلووم، هەوەڵی بەرەبەیان، پاش نوێژی شێوان
تاتێل: زگار، نگەران، دڵ پەشێوی،دڵخورتی
تاشا: حەز و مەیل لە مەکووڕی یا
تانووت: تانە، تەشەر، سەرکۆنە، لۆمە، سەرزەنشت
تاوێر: بەردی خلارەوە بوو، لە بەرزی کێو، تاقێرە، قولکە بەردێ کە ئاوی باران رادەگرێ
تاڤگە: هەڵدێر، تافگە، تافیتە، ئابشار، ئاوهەڵدێر
ترووسکە: بریقە، برووسکەی ئاسمان، درەوشانەوە
ترۆپک: دوندی کێو، بڵندترین شوێن لە دار

evinebook.blogfa.com

توا: تاوا، توایەوە، حەل بوو، پارچەی بڕاوی ناسک لە گۆشت یا لە چەرم
توولە ڕێ: ڕچە، ڕێگەی باریک لە چیا و چۆڵ، باریکە ڕێ لە ناو گژ و گیا
توێژ: توێخ، تێژ لە برینا، تێـژ لـەچێژەدا، چـین و تـوێژ لـە هـەموو نژادێکـە، رەچەڵک و تایفە
تەرت: دەوەن، بیشە، بڵاو، پەرێشان، پەرژ، لە بەین چوو، لە ناو دانەماو
تەرز: سەر لکی باریکی لە بڕکە بێستان، لکی داوە بەن ئاسـای رەز؛ جـۆر، نەوع، جوان و لەبار
تەریب: تەقەڵی راست و میزان، درونی تەقەڵ، درشتی قیجەڵفاچ
تەقەللا: هەوڵ، کۆشش
تەک: لەگەڵ، پێکەوە بوون
تەلان: تەڵان: بەندەن، بەرزایی کێو، تەبارە ـ پیرۆک
تەوژم: نهێم، توند و زۆر و هێزدار، فشار، زەخت
تەیرۆک: تەرزە
تیشک: تیرۆژ، تیرێژ، ڕووناکایی خۆر، بریقە دانەوە، کوڵکـە و مـووی درێـژ، تیسک
تۆ: تۆی شیر، راناوی کەسی ڕووبەڕوو، (من نایەم تۆ وەرە) یەک لا
تۆتـۆ: بـە ناسـک هـەڵبڕینی گۆشـت. بولبـول کـە گـەرمی نەغمەیـە ئـاگر دەکاتەوە / خونچە حەزینە، جەرگ و دڵی بۆ دەکا توێ «نالی»
تیرە: تۆرەمە، ڕەچەڵەک، بنە چەکە، زاتۆرە، نژاد.
+تۆمەشان: کووز، هێڵ، بەشێک لە زەوی کە بە خەتێک دیاری دەکەن بـۆ کێڵان، هەروەها ئەو تووبەرەی بە شان گەنمی پێ دەچێنن، تـۆم وەشـێن، توچێن، تۆ وچێن.
جلـە: بـاداک، ڕەگ و ڕیشـەی وردی دارەبـی قـەراغ ئـاو کـە پـێش بـە ئـاو دەگرێ، گیاییێکە وەک قەوزە سەر ئاو دەکەوێ و دەتەنێتەوە، جانەوەرێکی ئاوی هەشت پایە لە دەریادا، گیـاییێکی زەردی وەک ڕیشـوی گەرمەشـانی

پتر لە وێنجەدا هەیە.
جوامێر: جامێر، ئازا، ف: راد مرد، شجاع
جەمام: رەق بوون، ئاوسانی ئەندام، کوترانی ئەندامی لەش
جەور: مەینەت
جێژوان: شوێنی پێک گەیشتنی دڵدار
چاخ: وەخت، زەمان
+چاوگ: سەرچاوە، کانی، دەستە چیلە، وردە ئاگر لە کوانوودا، بنەمای وشە
چاویلکە: عەینەک، گۆزلک، نەخۆشیەکە بەڵەکی نەخوش پۆرگ دەردەکا
چڕگەن: زەوی پڕ گژ و گیا، فریزووکە بە زەحمەت ئەکێڵدرێ، شوێنی کە گیا و گژی لێکی دابێ
چرۆ: لکی باریکی دار؛ غونچەی تازەی گەڵادار
چزو: نووکی باریکی کلکی دووپشک و مێشەنگوین و زەرگەتە و ... چەندێ زو
چسک: کسپەی ئاو کە بەسەر ئاوردا دەکرێ، وەک ئەسیدی لێ دێ کەف ئەکات و هەڵ ئەچێت.
چلووره: شووشە سەهۆڵ، شووشە سۆڵ، سەهوڵی کە بە شاخ و گوێسەوانەدا شۆڕ دەبێتەوە، کلیلە
چووک: چکۆلە، بچووک
چەل: جار، هەل، حەل، دەحفە، کەڕەت، ترۆپکی چیا
چەم: چاو، چۆم، خوار و لار، مێشەلانی لای چۆم
حەژمەت: حەژبەت، خەم، مەینەت، خەفەت، کەسەر، خەم، کوڵ
حەوێق: تەشق، تەشقی ئاسمان، هەرە بەرز
خاراو: راهاتوو، ئیرباری سوورەوە کراو. سفال سرخ شده
خانۆک: سلوولی لەش، ف: سلول بدن

خورپە: راتلەکانی دڵ، خورپە لە دڵمەوە هات.
خولیا: خەیاڵ و ئارەزوو، کەڵکەڵە، هەوەس
خەمۆک: خەمبار، دڵتەنگ، خەمگین
خوناوکە: شەونم، وردە بارانی هێدی و نەرم، ئاوی لە قوڵکەدا ماوی باران، بریتی لە دەنکە دەنکە ئارەقەی دەم و چاو، خۆناڤ
دا وەرن: دا بێن، وەرن، بێن
دارە بەن: دار قەزوان، دار بنێشت
داسەکنان: هەدا دان، ئارام گرتن، سوکنایی
داوەر: دادوەر، ئەوەی بە شکایەت رادەگا، قازی
داوەر: قازی، دادوەر، هەر ئیلاهم داوەرن ـ یانی دادوەرن
داوەرن: بوەرن، وەراندن
داڵدە: پەنا
+دژیو: نەیار، نە دۆست
دلۆڤان: خاوەن بەزەیی، دڵنەرمی
دنە: دەنە، هانە، هەڵخواندن، هان دان
دوند: دون، ترۆپک
دووڕیان: سەری دوو رێگە کە دەگەنە یەک. دوو رێگا
دەبێژم: بێژان، گیایێکی بۆن توندی گوڵ زەردە کە مێش توخنی ناکەوێ، گوتن، ئاخافتن، دابێژتن، لە هێڵەک دان
دەرەتان: مەودای دەرباز بوون، دەرفەتی رزگار بوون
دەساژۆ: رام
دیار: وڵات، نیشتمان
دیل: ئێسیر، یەخسیر، ئەسیر، لە شەڕ گیراو، دەردەست
دۆ: کیژێ کە لە هەڵپەڕکێدا دێتە دەستی لاو، ماستاوی لە مەشکەدا ژەنراو

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

رابم: راهاتن، بسازێم، فێر بم

ڕاڕا: وازوازی، هەر دەم لە سەر هەواییێک، خەت، خەت، ڕێگا ڕێگا

ڕژد: هەورازی کووڕ، هەورازێ کە بە دژواری لێـی سـەر دەکـەون، چـروک، دەس قووچاو، سەقیل، دەباڵا کردن، زل بوون

ڕکە: قەفەس

ڕووبار: چۆمی گەورە، چێم، چەم، شەت، ڕۆبەڕۆ

ڕەز: بنە ترێ، باغی ترێ

ڕەوت: تەرزی ڕۆیشتن، جۆری بە ڕێدا چوون، کێشی شێعر

ڕۆندک: ڕۆنتک، فرمێسک، ئەسرین، ئەسر، ئەشک

ڕۆنیا: سۆما، دید

ڕێژنە: ڕەژنە، تاوە بارانی توند، لێزمە، شەستە باران، ڕەهێڵە

زاخێر: زاخڕ، سەرەو ژێری بەرداوی، کوول، ئاغڵی لە کێو دابڕاو

زام: ١ـ برین، ڕێش ٢ـ مناڵم بوو ٣ـ لە دایک بووم

زایەڵە: زایڵە، دەنگ دانەوە

زگار: کز و کەنەفت و دڵ بە خەم، هەرەوەز، زبارە، ورکە بەرد

+زل هێز: زۆر بەهێز، گەورە هێز، زۆر بە توانا، ف: ابرقدرت، بۆ مرۆڤـی زۆر بەهێز و کەم عەقڵیش بەکار ئەبرێت.

زنا: هەرا و هۆریا، گورە

زنار: بەردی زۆر گەورە، شاخ، تیشە

+زەردەشت: زەرتوشتی، زەردەشتی پێغەمبەر، گاور

زەریا: دەریا، بەحر، بەعر، زریآ، زرێ، دەلیا، جوانی سەوزرەنگ، سەوزە

ژانی گەل: ژانی هوز، ژانی گەل نێوی ڕۆمانێکی ئیبراهیم ئەحمەدە، ژان: ئێش و ئازار؛ گەل: هۆز

ژوان: پێک گەیشتن لە جێگەیەکی دیاری

ژیل: ژیلەمۆ

evinebook.blogfa.com

سارێژ: پڕ بوونەوەی برین و چا بوونەوەی، سارێش
سپڵە: پێنەزان، بێئەمەگ
سنوور: حدوود، کەوشەن، مەرز، خەتی نێوان دوو مڵک
سورمە: کل، توزی بڕەی زێو بە ڕەنگی ڕەش ئاماڵ سور بۆ چاویان موو ڕەش کردن
سووتو: سووتک، سووتاو، خۆڵەمێشی نان و لۆکە و کاغەز، سووتووی سیغار
سوور: ئاشکرا، پا بەند بوون بە عەهد و پەیمان، پێ چەقین، پێ داگر، ڕەپ و ڕاست گوتن، بە ڕەنگی خوێن
سووڕ: خول، چەرخان، سووڕانەوە
سوڕە: بەندێ لە قورئان، سوڕەت
سەر بە هەش: سەر بە قوڕ، تازیەبار
سەرتۆ: تۆی سەر شیر و ماست
سیخوار: سیخار، زوقم
سیلە: گۆشەی چاو، گۆشەی دیوار، ڕەقەی ناو ئاو، لە گۆشەی چاوەوە ڕوانین
سۆ: ژان، کونی دەرزی، گومان و دوو دڵی، سارێژ، (برینم هاتۆتە سۆ، بەهرە، کەنارەی ئاسمان (ئاسۆ- نوور، ڕووناکی
سۆزی: ڕۆژێ کە دادێ، سبەی، سبەینێ، سۆز، گفت، پەیمان، پاشگری بە واتا، سوتین
سۆما: ڕووناکایی چاو، هێزی دیتن، ئاسۆ، ترووسکەی ڕووناکایی لە دوور، مەڵبەندێکە لە کوردستان
شادەمار: ڕەگی هەرە ئەستوور لە ئەندامی گیاندار
شاز: هەڵکەوتە، بە هونەر، جۆرێ چیتکی زراو
شان و پیل: دیمەنی لای سەرووی لەش، نێوان سەر قۆڵ و مل

شایلۆغان: بەزم و هەرای زەماوەند بە دەهۆڵ و زوڕنا
شنگ: ئەسپنگ، ئەسپینگ، زۆر هێز، تاقەت
+شـەتاو: ئـاوی زۆر کـە لـە بـەفر تاویـاوە سـەرچاوە هەڵـدەگرێ، وردەی پرووشەی تاڤگە
شەختە: سەرمای پاییز کـە زەرعـات خـراپ دەکـا، سـەهۆڵ، سـۆڵ، یـەخ، بەستەڵەک، شختە
شەقام: جادە، شۆسە، زللە، هەنگاو
شەقاو: هەنگاوی زل
شەقڵ: شقڵ، چاپ، دیاری کردنی خەرمانی بەدار
شەکاوە: لەرین لە بەر با
شەکەت: ماندوو، هیلاک، خەستە، شەقی
شەوارە: شەوارە بوون، لە بەر نوور چرا کەوتنە نێـو داو، گرتنـی پەڕەسێلکە لە تاریکی‌دا بە هۆی نووری چرا، بەرچاو ڕەش بوون
شەوە زەنگ: شەوی زۆر تاریک و ئەنگوستە چاو
شـەهاو: شـەهاب، عـەرەبی: شـۆلە/تیـرە، ئەسـتێرە، ئەسـتێرەی کشـاو، بەردی چگولەی ئاسمانی کە بە هۆ پڕینەوە لە کەشی زەوین گڕ دەگرێ و لە ئاسماندا دەبرووسکێنەوە، نێزەک
شۆرەکات: شامات، شورەزار
شێبا: شیبا، رووناکی و بریقە، سووکە بای شەوانە، بای شێدار
شێوەرد: زەوی کێڵدراوی دانەچێندراو
عومـەر خـاوەر: ئـەو پیـاوە کـە منداڵەکـەی بـە باوەشـیەوە لـە کارەسـاتی دڵتەزێنی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بوونە ڕێبواری ڕێی ئازادی، کـە ڕەمـەزان ئۆزتورک، خەڵکی مەلاتییەی تورکیـا وێنەکـەی هـەڵگرتوون، کـە بـۆ خـۆی دەڵێت لە دیمەنێک دەگەڕام لە هـەموان دڵتـەزێن تـر بـێ و بـە تـەنێ ئـەو کۆمەڵ کوژیە بە دنیا نیشان بدا.

غوڕە: غوڕەکەو، کەو لە بەر یەک ڕاگرتن کە بۆ یەکتر بخوێنن، دەنگی خوێندنی کەوی نێر
فەلسەفە: یونانی: کەنایی: هۆی کاریان ڕووداوێک، فەلسەفەی ئەم کارە چ بوو، زانستی قانوون گەلی زل بە سەر هەستی (سرووشت و کۆمەڵگا- بیر و ڕەوتی وریایی، باس و لێدواندن لە مەڕ نیشانەگەلی هەستی و بایەخەکان
قاقڕ: ١- زەوینێ کە گیای لێ ناڕوێ، ٢- برێتی لە بنیادەمی ڕژد
قرمژن: دەنگی تەقەی زل، (تۆپ قرمژنی کرد، دارەکە شکا قرمژنی کرد- قرمژنی تیر
قەڵاچۆ: تاولان، تاران، کوشت و بڕ
کاتۆر: خاپوور کردن و رووتاندنەوەی مێرگ و گیاجاڕ
کادۆژە: کاکڵە گوێز دەرهێنان بە چەقۆی کول لە فەریکەیدا
کازیوە: بوولێڵەی بەیان، فجر کازب
کاکێشان: کادزی ئاسمان، کاکشان
کاو: ئاوات، کام، شکێر، نرخدار، هێژا، بە فیز، لە خۆ بایی، چیا
کاوان: شاخە بەردینەکان، شاخان، چیایانی بەردێن، چیایان، بستو شانە شاخ
کسپە: تەکان، ڕاچەنینی دڵ
کل: سورمە، کڵ خوار، لار، لادان (لە ڕێگە کل بووە) قوببە گونبەز: دەرەوشانی هەسارە، تینی ئاگر، جێگەی سوالەت تێدا سوور کردنەوە
کورە: کورەی زەوی
کولو: کلو
کوێن: مل بە کوێن، پارچەی ڕەش ماڵ، کام جێ
کەزی: پرچ، زوڵف، قەوزە، جەگەن، گیا؛ حەسیر، بناری چیا
کەزی: پرچ، زڵف، بسک

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

کەژ: چیا، کۆ، ئاوریشمی خاو، زۆر سپی، بزنی مل سووری گوێ ڕەش

کەسک: سەوز بە ڕەنگی گیا

کەل باد: کەلە باد، بای وادە، شەماڵی سەرە بەهار کە بەفر دەتوێنێتەوە

کەلەبچە: دەستبەندی

کەوێڵ: کۆخ، غار، کەسە و کەوێل

کراڵ: قاقڕ، کراڕ، دەغڵی تەنک، زەوی بێ ئاو و گیا

کرکرە: نەوعێک پەردە پەنجێرەیە، کە لە چەن تیکەی جیاجیا پێکهاتووە

کڕنوش: خۆ چکۆلە کردن لای کەسێک، سوجدە

کۆ: ناوی ئەستێرەیکە، شاخ و کێو، تۆپەڵی خەرمانی سوور، زۆر شت پێکەوە

کۆتەڵ: چقڵ و زبرەی سەر خەرمان، ئەسپێ کە لە تازیەدا دەیگێڕن، دارستانی چوغور، خرکەلە و جوانکیلە، پەیکەر بۆ مردگی ئازیز، گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد.

کووز: تەختەی باریک لە شۆ کردنی زەوی، کووزدان: خەت لە زەوی کێشان بە گاسن بۆ دیاری کردنی زەوی لە بەرکێلاندنی دوایی

کۆسار: چیای زۆر، ناو چیا

کۆشک: قەسر، شەربەی سواڵت، کاخ، تەلار

کۆیلە: کۆلە، کۆلی، بەنی، بەندە، عەبد، بەردە

کۆڵە: کۆڵە کوتراو، بریتی لەوە کە هیچی نەماوە، فلان کەس کۆڵەی کوتراوە. وشەی بچووک نیشان دان.

کێنگڵ: خۆ جیر کردنەوەی مار کاتێ کە ئەیگوژی و گیان ئەدا. کینگڵ

گلیرە: تەرزەی ورد، گللێرە

گلێنە: ڕەشکێنەی چاو، سپیایی و ڕەشایی چاو بە گشتی، کزن و دانە، گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد

گوڵە ئەستێرە: گۆ ئەستێرە، ئەستێرۆک، کرمێ کە بە شەو دەترووسکێ،

evinebook.blogfa.com

گۆستێرک، گۆستێر
گـەزیزە: بلازیـز، گوڵێکـە کـە هـەوەڵی بـەهار دەپشـکوێ؛ نـاوی کتێبـی شێعری ئاسۆیە
گـەلاوێژ: ئەسـتێرەیەکی زۆر پرشـنگدارە لـە نیـوەی هاوینـدا دەبینـدرێ، مانگی پێنجەمی ساڵ، نێوە راست مانگی هاوین، ناوە بۆ ژنان.
گەڵاڵە: تەرح
گڕکان: ئاگر پژین، ئاگری، آتشفشان
گڵپە: کڵپە، گڕی لە پڕ، دەنگی گڕ گرتنی ئاگر
گڵکۆ: قەبر، مەزار، گڵی بە سەر یەکدا کراو، کۆمای خاک
گۆریچە: ئەلحەد، جێگەی لێ راکێشانی مردوو لە قەبردا
گـۆک: غونچـەی شـکۆفەی دار، سـەرەتای شـڵخەدانی مـێش هـەنگوین، خڕی ورد
گۆڤەند: بەزم و زەماوەند، دیلان و داوەت
لاجانگ: نێوان روومەت و ئەستۆ
لامەکان: بێ مەکان، بێ شوێن و جێگا
لان: پاشگرێ کە جێگە دەگەیەنێ، لانە، هێلانە، کونی شێر و کەروێشک
لوورە: دەنگی لووراندن، دەنگی درێژی سەگ و گورگ و چـەقاڵ، دەنگـی گێژاوی بە تەوژم
لیپ: ١ـ پڕ، لیپاولیپ ٢ـ تۆیش، تەژی
لیپ: ١ـ تژە، پڕ، ٢ـ حیلە، گزی ٣ـ پارووی زل ٤ـ پێل، شەپۆل
لۆچ و پۆچ: چرچ و لۆچ
لێزمە: رێژنە، رەهێڵە، شەستە باران، بارانی بە خوڕەم، لەنگێزە
لێژنە: لە سەر یەک دانـدراوی داری سـووتەنی، دەسـتەیی لـە خـەڵک کـە پێکەوە کاری ئەنجام دەدەن، شوێنی بەڕێوە بەرایەتی
مچـۆڕک: مـووچڕک، تـەزووی لـەش، مشـەمای دەرمـان کـە بـە پێسـتەوە

دەلکێنرێ

مرۆڤ: مرۆ، بنیادەم، بەشەر، ئینسان، خزم، خزمەتکار، پیاو

مله: رکە، کێ بەر کێ، مله کردنی ئەسپ له کاتی کێ بەرکێدا ٢ـ بستو، زینو

مودارا: دڵ راگرتنی ئاواڵ، سازان، سەبر و حەوسەڵە

مەبەست: مەبەس، نیاز، ئامانج

مەرهەم: هەتوان، دەرمانی تێ هەڵسوان

مەزن: زەلام، گەورە، سەرۆک، رەئیس

مەسکۆ: مسکۆ، پایتەختی رووسیە

مەشق: ڕاهاتن، مەشخ، مەخش

مەشغەڵ: رەوتي بەرزبوونەوەي ئاگر

مەکۆ: بنکە و شوێنی یەک گرتن و کۆ بوونەوە

مۆعجزە: مۆعجزە

مێعراج: رەوتی چوون بۆ ئاسمان وە گەییشتنە لای خودا، بە تایبەت بۆ پێغەمبەری ئیسلام، کنایی رەوتی بەز بوونەوە، عوروج، پلیکانە، پەیژە، سەر خەرە

+ناب: سفەت، بێ خەوش، پەتی، بە بێ تێکەڵاوی (تەڵای ناب)

ناخ: ژوورەوەی هەر شتێ، ناوەڕۆک، دەروون، جێگە، لان، دەریای زل

ناسۆر: برینی تەشەنا کردوو، دوومەڵی قونێر، دمەڵ

نارەومەوە: نەکشانەوە بە ترسەوە

نزاو: نزاڤ، نەدوور، میوەی ئاو تێگەڕاو، ئاڵ و بۆڵ

نوقرچک: قورنج، لێرەبادان، نقورچ، نقورچک

نوقم: نقوم، نوغم، ژێر ئاو کەوتوو، غەرق بوون لە ئاودا

نەگلێ: نەکوژرێ، لە گلاندنەوە هاتوو. خلۆر بوونەوە. تل خواردن. بە سەر رووداکەوتن، ئەسپەکەم گلا. پەرت بوون.

نـەنگ: عـەیب، شـوورەیی، ئێـوە ئـەو عەرشـەی بـە خـوێن گـوڵ ڕەنگە/سەجدەی بۆ دەبەن هیچ ناڵێن نەنگە/پیرەمێرد

نەیار: دوژمن، ناحەز، نە دۆست

نیهان: پەنامەکی

نێڵە: گڕێ ئاگری زۆر بە تەوژم

وادە: بەڵێن، گفت، پەیمان، بانگ کردن، خواستن، مۆڵـەت، مـاوە، قانـە، ژوانگە

+وان: وانی حەمام، وان شارێکی کوردنشین لە تورکیەدایە. وان: ئەوان

ودم: موبارەکی، پیرۆزی

ورشە: بریقە، وریشە، گرشە

ورە: باوەڕ بە خۆ بوون، ورار، زراو، ئازایی، تین و تاوی دڵ، ورنگ

وریشە: بریقە، ورشە، گرشە

وزە: توانا، قەوەت، تاقەت، گەمەیەکە، جۆرێ کایەیە

وڕینە: وڕاوە، راواندن، پاتەران، وڕینە، وڕێنە

هایکۆ: شێعری بێ قافیەی سێ دێڕی ژاپۆنی، کورتە شێعر

هزر: بیر، فکر

هەتوان: مەڵحەم، دەرمانێ کە دەبرینی دەساون

هەتەر: مەودای حوکمی چاو، سەر و بەر کردنی تیـر، وە ئامـانج نەکـەوتن، سوور لە سەر مەبەست ئاگر، مەودای تیر گەیشتنێ

هەدا: ئوقرە، ئارام، سەکنین، پێکەوە، هەچا

هەرد هەژێن: زەلزەلە، عەدرهەژێن، ئەرزهەژێن

هەرەس: پسان و داڕووخانی پارچە بەردوو خاک یا بەفر لە چیا، رنو، رنـی، کلێڵە، کلیلە، شاپە، کەوی، کەویە بەفر، روندک، فرمێسک

هەست: ئاگا، حەس، بۆ، دارایی، ئیحساس

هەستیار: هەستۆک، هەستکار، شاعێر، وێژەوان

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

هەش: قورِ، سەر بە هەش، سەر بە قورِ، خەم، گیایگە بۆ رەنگی شین دەکار دەکرێ، خۆم

هەلاران و مەلاران: لە کاتی بووکە بارانەدا منالآن ئەم شێعرەی بۆ ئەخوێننەوە: هەلاران و مەلاران، سێوە سوورەی سەر داران، یاخوا داکاتە باران، بۆ فەقیر و هەژاران

هەناو: ناوە جەرگ و ناو، ورە، زراو، غیرەت

هەوالنێر: خەبەرنێر

هەودا: تا، تاڵ، داو، چەند وشەیەک کە بە یەک هەناسە دەگوترێ

هەیڤ: مانگی عاسمان، مانگی ساڵ، مانگ

هەڤاڵ: ئاواڵ، هاڤاڵ، رفیق، یار

هەڵاڵە: گوڵی زەردی بۆن خۆشی بەناو بانگ، هەڵاڵ، دەرمانی پێستە خۆش کردن، ماکی مۆم کە مێش هەنگوین لە گولانی دەگرێ، مێلاقە، رەبەنۆک

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرز و قیت لە شاخ و کێودا، تاڤگە

هەڵست: هەلست: رابوون، هەستان

هۆرژن: گریان بە دەنگی بەرز

هۆز: عاشیرەت، تایفە، نژاد، رچەڵەک، کۆمەڵێ مرۆ

هۆنیا: هۆنراوە، هەڵبەست، لە بنەماڵەیەکی باش

هێڤار: ئێوارێ، کاتی عەسر، عسر هنگام

یاسا: دام و دەستوور، رێو شوێنی ناو کۆمەڵ، قانوونی دەوڵەت

evinebook.blogfa.com